# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (161) بەرواری 15-2-2024 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


" شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان"


ئەمنییەتی ئاژیتاتۆر

بەشی دوانزەهەم... ل10

## وتەی ژمارە

# 17ی شوبات، خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی لەکۆمەڵگەی کوردستاندا!!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود



دوای زیاتر لە دوو دەهە لەپێشێلکردنی ئیرادەی جەماوەری کرێکاران و ئوردوی بێبەشان، لە ١٧ شوباتی ٢٠١١ دا، یەکەمین پریشکی خرۆشان و نارەزایەتی فراوانی بێبەشان چەخماغەییدا، و سەرەتای بەکردەوەی بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانە لەدژی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، دەستی پێکرد. ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە بە ئیلهام وەرگرتن لە بزووتنەوەی نارەزایەتییە شۆرشگێریەکانی باکوری ئەفریقاوە، دەستی پێکرد. بزوتنەوەیەک کە پرسی شۆرش و گۆرانکاری لە رێگای شۆرشی لەخوارەوەی جەماوەرەوە هێنایەوە مەیدان و لە سەرەتاکانی خۆیدا، توانی چەندین رژێمی دیکتاتۆرو چنگ بەخوێن و تالانچی رابماڵێت.

لەو چوارچێوەیەدا، نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان، لە دژی دزی و تالانی، لەبەرامبەر نابەرابەری و بێمافی، لەسەرکوت و ژێر پێخستنی ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، تەقییەوە و بۆ یەکەمین جار بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا، خۆی نمایش کرد. ئەو نمایشە لە نارەزایەتی جەماوەری تەواوی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی توشی راچڵەکین کرد و ئەو راستییەی نیشاندا، کە رێگای بەدەستهێنانی داخوازییەکان و پاشەکشەکردن بە دەسەڵاتی تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتی لەرێگای دەربرینی نارەزایەتی و هێنانە مەیدانی هێزی جەماوەرییەوە مەیسەر دەبێت، نەک لە رێگای هەڵبژاردن و کایەی سواوەکەی پەرلەمان.

هەرچەندە دەستپێکی ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییە، بۆپشتیوانی لە راپەرین و شۆرشەکانی باکوری ئەفریقا" بەهاری عەرەبی"، وە بەدژی دزی و تالانی و نابەرابەری ئابوری و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، بوو، بەڵام لە ناوەرۆکدا، بزوتنەوەیەک بوو بەدژی سەراپای دەسەڵاتی داسەپاوی بۆرژوازی کورد و کارنامە نەنگینی بیست ساڵەکەی....

بۆ لاپەرە 2

# خواستی سادەی موچەی مامۆستایان و وانەبێژان رووبەڕووە لەگەڵ دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی...




وەڵام نەدانەوەی دەسەڵاتی زۆنی سەوز بە خۆپیشاندان و بایکۆت و نارەزایەتی پێنج مانگەی مامۆستایان و وانەبێژان، بۆ موچەو دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە. خستنەگەری هەوڵی جۆراوجۆر بۆ درزخستنە ریزی نارەزایەتییەکان و گوشارهێنان و بەدەستەوەگرتنی هەرەشەی سزاو پەنا بردن بۆ مەقاشەکانیان بۆ شکاندنی بایکۆت و تەسلیم بوون، بە ئاشکرا دەری دەخات دەسەڵاتی زۆنی سەوز ئەوەی بۆی

بۆ لاپەرە 3

# فرۆشتنی خەستەخانەی ٣٣٠ قەرەوێڵەیی بە کۆمپانیای "ماجیك پاوەر" هێرشێکی تر بۆسەر کەرتی تەندروستی و هەژارانی کوردستان!!



لەدرێژەی تالانی و دزی و رەوەندی بەردەوامەی لوشدانی داهات و سامانی هاولاتیانی کوردستاندا، دەسەلاتی سیاسی هەرێم سل لەهیچ هەنگاوێک ناکاتەوە. هەر لەوچوارچێوەیەدایە هێندەی توانیویەتی دەستی بردووە بۆ هەرزان فرۆش کردنی دامەزراوەو خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە کەرتی تایبەتی.

بۆ لاپەرە 3

## حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سکاڵای یاسایی لەسەر حاکم رزگار تۆمار کرد... دیمانەیەك لەو بارەیەوە بخوێننەوە...ل7

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە....


* بەردەوامی پەیامەکانی ١٧ شوبات لە بارودۆخی ئێستادا........................................................ل4
* شەری ئۆکرانیا زیادبوونی خەرجییە سەربازییەکان و میلیتاریزەکردنی ئەوروپا........................ل4
* مامۆستا دیمەن عەزیز وەڵامی پرسی رۆژی داوەتەوە............................................................ل5
* چەقبەستوویی شەری ئۆکرانیا و گەشەی ئابوری روسیا..............................................................ل6
* رەوتی نیشتیمانی کوردستان پێویستییە یان کاردانەوە.................................................................ل6
* مەنسوری حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری بە پروپاگەندەی درۆ و ساختە.................................ل9




دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بە ئاڵوگۆرکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری کوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی"

هاوڕێ ستار حەمە عەلی ناسراو بە "ستاری چیمەنتۆ" وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...

ل8 گۆشەی ئەدەب و هونەر ل5 پرسی رۆژ

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی وتەی ژمارە

لەبەرامبەر بەو بزوتنەوە نارەزایەتییە ڕەوایەدا، دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی ماهیەتی ڕۆپۆشکراوی خۆی، بە نواندنی سەرکوت و دڵرەقیەکی کەم وێنەوە نمایش کرد. لەبەرامبەر بە خۆپیشاندانی بێ چەک و جەماوەریدا، دەستی بۆ توندوتیژی و چەک و سەرکوتی بێپەردە برد و لە ماوەیەکی دیاریکراودا، ١٠ کەس گیانیان لەدەستداو نزیک بە دوو هەزار کەس بریندار بوون، بەسەدان هاوڵاتی و هەڵسوراوی جەماوەری راوەدونران و خرانە زیندانەکانەوە، ڕفینراون و چاویان لێ سورکرایەوە، بەدەیان کەناڵ و میدیا و رۆژنامە و بەسەدان رۆژنامەنووس کەوتە بەر شەقی دیموکراسی!! و پیاوانی دەزگا ئەمنی و جاسوسیەکان، بەشێکی زۆری شارەکان میلیتاریزە کران و ترس و تۆقاندن کەشی کۆمەڵگەی قانگ دا.

بە جیا لە بەدەستەوەگرتنی حەربەی سەرکوت و ترساندن، دەسەڵات ناچار بوو لە ژێر گوشاری خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی ١٧ شوباتدا، سەری تەسلیم لەبەرامبەر بە ئیرادەی وەگەرکەوتووی جەماوەریدا، دابنەوینێت. وادە و بەڵێنی لێپرسینەوە لە تۆمەتبارانی ١٧ شوبات و ئەوانەی تەقەیەیان لە هاوڵاتیان کردووە، دا. بەڵینی ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان، بەڵینی چاکسازی و وەستانەوە بەدژی گەندەڵی، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و ئاوڕدانەوە لە ویستەکانی خەڵکی کوردستانی، راگەیاند. وەعدی باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، تا دەگاتە ناچاربوون بەدانیشتن لەگەڵ هەڵسوراوان و دەستەی سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکان...تاد، دا.

لەگەڵ ئەوەدا کە خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەریەکەی ١٧ شوبات و لە زۆنی سەوزدا، چەخماخەی دا، بەڵام ریشەی لە نارەزایەتی و تورەیی سەراسەری خەڵکی کوردستاندا بوو. دەسەڵاتی زۆنی زەرد بە داسەپاندنی دیکتاتۆریەتێکی ئاشکرا ڕێگەی لەوە گرت، کە خەڵکی کرێکارو ستەم لێچوو بێنەسەر شەقامەکان.

خۆپیشاندانەکانی دواتری زوربەی زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستان، تا دەگات خۆپیشاندانەکانی هەولێر و ژێر دەسەڵاتی پارتی، هەر درێژەکراوەی خۆپیشاندانەکانی ١٧ و رۆژانی دواترە. تەنانەت بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا و بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، لە درێژەی هەمان دۆخ و بەرەوپێشەوە چوونی ئاستی نارەزایەتی جەماوەریدا دەچێتە پێشەوە، کە پرشک و چەخماغەکەی ریشەی لە ١٧ شوباتدایە. بۆیە بەهەموو پێوانەیەک ١٧ شوبات خاڵی وەرچەرخانێکی گرنگ، لە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و جەماوەری ناڕازی خەلکی کوردستاندایە.

ئێستا کە ڕۆژ بەرۆژ قڵشتی نێوان دەسەڵات و جەماوەری بێبەش، کەلێنی نێوان دەسەڵاتی سەرمایەو چینی کرێکار و بەرهەم هێنەرانی کۆمەڵگە فراونتر دەبێتەوە. لەو نێوەدا بەجیا لە دەسەڵات کە کەوتۆتە بەردەم شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری، هاوکات ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کوردیش بە قەومی و ئیسلامیەکەیەوە، کەوتۆتە بەردەم تورەیی و نەفرەتی جەماوەری. خۆشباوەری بە بزوتنەوەی گۆران و ئیسلامیەکان، نەک هەر ڕەویوەوە، بەڵکو ئەوانیش هەم لە کێکی دەسەڵاتیان خوارد و بوونە بەش لە حکومەتی چەتە و سەرکوت و بێمافی و هەم لەبەردەم بزوتنەوەی ڕاماڵینی جەماوەریدان. کارنامەی ئەو ئۆپۆزیسۆنە لە بەشداریکردنی لەدەسەڵاتی دزی و تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە، تا دەرکەوتنی ماهیەتی ریاکارانەیان و سات و سەودایان بە خوێنی بە ناحەق ڕژراوی قوربانیانی ١٧ شوبات و پاشان بەڵێنی" چوار ساڵی ئارام" و هەوڵدان بۆ راگرتنی جوڵەی شەقام و مامەڵەیان لەگەڵ پاشەکەوتی موچە، لەگەڵ خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی مامۆستایان و کارمەندان، بێدەنگەکردنیان لە روداوی کارەساتی شەنگال و پاشان ١٦ ئۆکتۆبەر و خستنەگەری هەموو هەوڵکیان بۆ بەشداری لە کابینەی نۆهەمدا، نوزەیەکی دژ بەدەسەڵاتی تیا نەهێشتنەوەو ئەوەی ماویانە، بەستنەوەی چارەنووسیانە بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتیش کرنوش بردن بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەکان.

لە ئێستادا، کە ١٣ ساڵ بەسەر خرۆشانی ١٧ شوباتدا دەگوزەرێت... خەڵکی کوردستان لەگەڵ تەواوی حزب و لایەنەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد بە"دەسەڵات و بە ئۆپۆزیسۆنەوە" رووبەرووە... هەروەها تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری لە دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن پێی ناوەتە ئاستێکی بالآترەوە... ئۆپۆزیسۆن لەگەڵ بکوژانی خۆپێشاندەراندا، بەشداری ئەو دەسەڵاتە تالانچی و سەرکوتگەرەن کە خەڵک لە دژیان ڕاپەری. وە خوێنی قوربانیانی ١٧ شوبات و رۆژانی دواتریان کردە، پەیژەی هەڵزنین بە دەسەڵاتدا. هەروەها هەموو ئەو بەڵین و وادانەی دەسەڵات لەژێر گوشاری ١٧ شوباتدا دابوویان، بە لێپرسینەوە لە تۆمەتباران و بکوژی خۆپیشاندەران و تا دەگاتە بەڵینی چاکسازی و باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان، درۆ دەرچوون و بەخشینەوەی ئەو بەڵین و وەعدانە هەر بۆ دامرکاندنەوەی تورەیی و نەفرەتی جەماوەری بووە.

ئێستا دوای ١٣ ساڵ بەسەر ١٧ شوباتدا، هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان خراپتر لە ساڵانی رابردووە، سەرکوتگەری زیاترە، دزی و تالانی بەشوێنێک گەیشتووە، بەپرسەکان لە زمانی خۆیانەوە دان بە دزییەکاندا دەنێن... مەلەفەکانی دزی دەخەنە ڕوو، تاوان زۆرترە، بێمافی فرەترە، خزمەتگوزارییەکان خەریکە ئاسەوارییان نامێنێ، قڵشتی چینایەتی بەرینترە، ئایندەی سیاسی کوردستانیان نادیارە و خەریکە بەتەواوەتی دەچێتەوە ژێر هەیمەنەی دەسەڵاتی ناوەندی. ناوەرۆکی ئۆپۆزیسۆن بەتەواوەتی ئاشکرا بووە، تورەیی جەماوەری گشتی ترە، هۆشیاری چینایەتی چۆتە سەرەوە، درۆی چاکسازی، بەتەواوەتی دەرکەوتووە، ١٧ شوباتیکی تر، بە ئاستیکی فراوانتر، یەکگرتوانەتر، ڕێکخراوتر، بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی رۆشنەوە، بۆتە پێداویستییەک بۆ کۆتاییهێنانی یەکجاری بەدەسەڵاتی سەرمایەو بزوتنەوەی کوردایەتی...

بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی مامۆستایان و وانەبێژان و فەرمانبەران و بەشەکانی تری کۆمەڵگە و ئەزموونی زنجیرە خۆپیشاندانەکانی پێشووی کۆمەڵگەی کوردستان، دەتوانێت ببێتە هاندەر و ئیلهام بەخشی نارەزایەتی و راپەرینی داهاتووی خەڵکی کوردستان و سەرچاوەیەکی بێکۆتا لە ئەزموونی خەباتکارانەیان...

**ناوەراستی شوباتی ٢٠٢٤**

# لە بۆپێشەوەوە

- بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
- بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
- بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
- درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
- ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە..

**لە ئێستادا، کە ١٣ ساڵ بەسەر خرۆشانی ١٧ شوباتدا دەگوزەرێت... خەڵکی کوردستان لەگەڵ تەواوی حزب و لایەنەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد بە"دەسەڵات و بە ئۆپۆزیسۆنەوە" رووبەرووە... هەروەها تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری لە دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن پێی ناوەتە ئاستێکی بالآترەوە... ئۆپۆزیسۆن لەگەڵ بکوژانی خۆپێشاندەراندا، بەشداری ئەو دەسەڵاتە تالانچی و سەرکوتگەرەن کە خەڵك لە دژیان ڕاپەری. وە خوێنی قوربانیانی ١٧ شوبات و رۆژانی دواتریان کردە، پەیژەی هەڵزنین بە دەسەڵاتدا. هەروەها هەموو ئەو بەڵین و وادانەی دەسەڵات لەژێر گوشاری ١٧ شوباتدا دابوویان، بە لێپرسینەوە لە تۆمەتباران و بکوژی خۆپیشاندەران و تا دەگاتە بەڵینی چاکسازی و باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان، درۆ دەرچوون....**

## درێژەی: خواستی سادەی موچەی مامۆستایان و وانەبێژان رووبەڕووە لەگەڵ دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی...

گرنگ نییە پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خوێندن و پەروەردە و ئاییندی خوێندنی ئەم ساڵە...

هاوکات رێگریکردنی پارتی بۆ سازکردنی رێپێوانی مولەتپێدراو!!ی حزبی شیوعی و هەڵسوراوانی جەماوەری بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ پشتیوانی لە خواستی رەوای مامۆستایان و وانەبێژان، لەوەش زیاتر تەنینی چواردەوری مەڵبەندی حزبی شیوعی بەهێزی چەکدار، دەرخەری ئەو راستیەیە کە پارتی هاوشانی یەکێتی دژ بەخواستی مامۆستایان و وانەبێژانە. لەوەش زیاتر ترسە لە نارەزایەتی قوڵپخواردووی مامۆستایان و وانەبێژانی



زۆنی زەرد، کە بەزۆری هێز و هەرەشە رێگەیان لێگیراوە بینە مەیدان و شان بەشانی مامۆستایان و وانەبێژانی زۆنی سەوز خۆپیشاندان بکەن.

ئەو مامەڵەیەی یەکێتی بەگرتنە بەری بێباکی و وەڵام نەدانەوە بە خواستی مامۆستایایان و وانەبێژان و رێگری پارتی لە هەر جوڵەیەک بەدژی بێ موچەیی و دانەمەزراندن و کۆبونەوەو خۆپیشاندانەدا، ماهیەتی هاوبەشی دەسەڵاتی هەردوو زۆن دەخاتە روو بەدژی خواستی رەوای مامۆستایان و وانەبێژ و موچەخۆراندا.

بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و وانەبێژ و فەرمانبەران... وەکو بزوتنەوەیەک کە لە ناچارییدا پێنج مانگە دەستیان داوەتە بایکۆت و خۆپیشاندان، دەبێ لە سیاسەتی نابەرپرسانەی دەسەڵاتدا بەدوای هۆکارەکانیدا بۆی بگەڕێین، نەک لە کاردانەوەی رەوای مامۆستایاندا.

ئەو بەشە لە مەلا و دادوەر و نووسەر و رۆژنامەنووس و کادری حزبی... کە چوونەتە پاڵ دەسەڵات و داوا لە مامۆستایان و وانەبێژان دەکەن، دەست لە بایکۆت و خۆپیشاندان هەڵبگرن، بەشێکن لە دەسەڵاتی نابەرپرس و هێزی سەرکوت کە لەهەولێر رێگەی نەدا نارەزایەتی لەدژی موچە برین بەریوەبچێت و لە زۆنی سەوزیش گوێی خۆی کەر کردووە. ئەگەر یەکێتی و پارتی وەکو دوولایەن یەک مامەڵە لەگەڵ خواستی مامۆستایان و وانەبێژان و خواستەکانیان دەکەن، ئەوا سەرجەم مامۆستایان و موچەخۆرانی هەرێم راستەوخۆ رووبەڕوون لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتی هەرێم و سیبەرەکانیان.

مامۆستایان و وانەبێژان... ئەگەر بە راوەستاوی خۆیان تا ئێستا توانیویانە سەرنج و پشتیوانی کۆمەڵگە بۆخۆیان رابکێشن و پلان و نەخشەکانی دەسەڵات و سێبەرەکانیان پوچەڵ بکەنەوە و ریز بەندی سیاسی و کۆمەڵایەتیش لە کۆمەڵگەدا بخەنە روو، هاوکات توانیویانە ئاسۆی سەرکەوتنی بزوتنەوە رەواکەیان، نزیکتر و نزیکتر بکەنەوە. چ هەرەشەکان و سزاکانی دەسەڵاتی زۆنی سەوز لە مامۆستایان و چ رێگری پارتی لەرێگای هێزی چەکدارەوە بۆ بەرگرتن بە رێپێوانی مامۆستایان، نیشانەی گوشار و ترسێکی گەورەیە لەم بزوتنەوەیە. بەردەوامی و سوربوونی مامۆستایان و وانەبێژان و لەسەر خۆپیشاندان نارەزایەتیەکان و وەک هەمیشە ئامادەییان بۆ وەڵامدانەوە بە فریوکارییەکانی دەسەڵات و نەخشەو پلانەکانیان، زامنی سەرکەوتنی کۆتایی و ملدانی دەسەڵاتی بەدواوەیە. ئەمەش نەک تەنها ئەزمونێکی درەخشانی خەباتی مامۆستایان و وانەبێژان بە بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان زیاد دەکات، بەڵکو هاوکارێکی سەرەکی دەبێت بۆ نەبەردەکانی ئایندەی خەباتی جەماوەری ستەم لێچوو لەبەرامبەر نابەرابەری و بێمافی و سەرکوتدا.

## درێژەی: فرۆشتنی خەستەخانەی ٣٣٠ قەرەوێڵەیی بە کۆمپانیای "ماجیك پاوەر" هێرشێکی تر بۆسەر کەرتی تەندروستی و هەژارانی کوردستان!!


بەپێی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی تەندروستی کە واژۆی وەزیری تەندروستی هەرێمی!! لەسەرە، خەستەخانەی ٣٣٠ قەرەوێڵەیی فرۆشراوە بە کۆمپانیای ماجیک پاوەر بە قیستی مانگانەی ٢٠ ساڵ.

ئەوە لە کاتێکدایە کە خەڵکی کوردستان یەکێک لەو کێشانەی رووبەروویەتی کەرتی تەندروستییە. گرانی سەردانی دکتۆرەکان، نرخی دەرمان و نەشتەرگەری و مانەوە لە خەستەخانە، هێندە زۆرە کەمەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی شکاندووە، بەتایبەتیش کە بێ موچەیی و نەبوونی دەستی ناوەتە بینەقاقای جەماوەری ملیۆنییەوە.

هەزاران فرۆشکردنی خەستەخانەکان و فرۆشتنی بە کەرتی تایبەتی، لە دۆخی هەرێمی کوردستان و بێ موچەیی و گرانی بازار و بیکاری و باج و سەرانەی جۆراوجۆرو بێ پاساو، جەنگێکی ئاشکرای چینایەتییە. جەنگێک کە کەمایەتیەکی سەرمایەداری وابستە بەدەسەڵات، لە بەرامبەر بە زوربەی هەرە زۆری هەژارانی کۆمەڵگە ئەنجامی دەدەن. جەنگێک کە قوربانیانی هیچی کەمتر لە قوربانیانی جەنگە گەرمەکان نییە.

لەناو جەرگەی وڵاتانی ئەوروپا و بازاری ئازادی سەرمایەدا، حکومەتەکان ناتوانن دەست بۆ هەموو خزمەتگوزارییەکان ببەن و بەتایبەتی بکەن، بەتایبەتیش لە کەرتی تەندروستی و خوێندن و پەروەردەو خزمەتگوزارییە سەرەکییەکاندا، کەچی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم!! لەناو دڵی هەژارییەکی بێ وێنەو لەکاتێکدا موچەی موچەخۆران کەم و زوربەیان چەندین موچەیان براوە و دوا دەکەوێت، بێ باکانە سەرەتاییترین و گرنگترین خزمەتگوزاری گشتی هەرزان فرۆشی کەرتی تایبەتی دەکات.

خەڵکی کوردستان، مافی خۆیانە چۆن بەدژی بێ موچەیی و دواکەوتنی موچە هاتوونەتە مەیدان و چۆن نارەزایەتی خەڵکی کوردستان کە دژی دزی و گەندەڵی و سەرکوت و بێمافی قوڵپ دەدات، پێویستە و بۆتە ئەرکێکی ناچاری کە لەدژی بەتایبەتی کردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بینە مەیدان و ریگە نەدەن چیتر بخرینە بەردەم بەرداشی دەسەڵاتێکی تاڵانچی نابەرپرسەوە... دەقی بەڵگەنامەی فرۆشتی خەستەخانە ئەهلییەکە لەخوارەوەیە:



هەرێمی کوردستان ـ عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان
بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە

Kurdistan Region – Iraq
Council of Ministers
Ministry of Health

إقليم كوردستان
مجلس الوزراء
وزارة الصحة
المديرية العامة للتخطيط
مديرية الهندسة

ژمارە: ٥٧٨٥ No

ڕێکەوت: / / ٢٧١٩ كوردی Date ١/٨/٢٠١٩

١١

**فەرمانی وەزاری**

ئاماژە بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٤٤٧ لە ٢٠١٩/٦/٩ بڕیاردرا بە :

١ بینانی پرۆژەی ( نەخۆشخانەی ٣٣٠ قەرەوێلەیی ) لە پارێزگای هەولێر کە لەسەر پارچە زەوی ژمارە ( ٣٧٢/ ٥٧ کەرك وارش ) دروست کراوە بە کۆمپانیای ( Magic Power ) بە شێوەی وەبەرهێنان .

٢. گەڕاندنەوەی ئەو گوژمەیەی بۆ پرۆژەکە خەرج کراوە کە بریتیە لە ( ٢١،٠٢٣،١٥٧،٥٠٥ بیست و یەك ملیار و بیست و سێ ملیۆن و سەد و پەنجا و حەوت هەزار و پێنج سەد و پێنج دینار ) بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بە شێوەی قستی ساڵانە بە مەرجێك لە ماوەی ( ٢٠ ) ساڵ زیاتر نەبێت.

٣ کۆمپانیای ناوبراو پابەند بکرێت براندێکی نێودەوڵەتی تایبەت مەندبێنێت بۆ تەواکردنی نەخۆشخانەکە بەشێوەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو وە بە کوالیتیەکی بەرز بە پێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان ، لە پێناو پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری تەندروستی بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان .

د.سامان حسین بەرزنجی
وەزیری تەندروستی
٢٠١٩/٨/١

نەیەك بۆ:

✓ دەستەی وەبەرهێنان/ ئاماژە بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەسەرەوە/ بفەرموون بۆ کاری پێویست لەگەڵ رێزدا.

✓ ب. گ. پلان دانان/ ب. ئەندازە/ لەگەڵ بەرایییەکان.

✓ ب. گ. وەبەرهێنانی هەولێر/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ رێزدا.

ب. گ. ت. هەولێر/ ئەندازە/ بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست وە بەدواداچوونی برگەکانی ئاماژە پێکراوی سەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ رێزدا.



# بەردەوامی پەیامەکانی ١٧ ی شوبات لە بارودۆخی ئێستادا!

نووسینی: عیرفان کەریم

بۆ ئەوەی پەیام و بانگەوازی هەر نارەزایەتی و خرۆشانێکی بەرفراوانی جەماوەری بناسین، پێویستە قۆناغ و بارودۆخی سیاسی وئابوری ئەو کۆمەڵگەیە پێناسەبکەین و لەوێشەوە، لێکدانەوەی دروست بۆ هۆکارەکان و ئەو پەیامانە بکەین کە ئەم بزوتنەوەیە دەیەوێت بەیانیان بکات و بەدەنگی بەرز ناوەرۆکی خواستەکانی خۆی ڕابگەێنیت.

ساڵی ٢٠١١ و بەدوای هاتنە مەیدانی جەماوەری شۆرشگێر و ناڕازی لە دەسەڵاتی گەندەڵی سەرمایەداری لە هەردوو وڵاتانی تونس و میسر. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جۆرێک لە بومەلەرزەی تورەیی و بێزاری جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێشی بەخۆیەوە بینی. تەجروبەی جەنگی سەرسەختانەی جەماوەری خەڵک لەبەرامبەر دەسەڵاتی گەندەڵی دەیان ساڵەی (زین العابدین) و بنەماڵەکەی و سوربون و مانەوەیان لەسەنگەرەکانی شەقام و ناوەندەکانی شارو شارۆچکەکان لە سەرتاسەری تونس. سەرئەنجام دەسەڵاتی زین العابدین ڕوخاو و لە تونس هەڵات. بەدوای ئەم ڕووداونە لە وڵاتی میسریش هاوشێوەی تونس خرۆشانێکی بێ وێنە لە مێژووی ئەم وڵاتەدا ڕوویدا و بە ملیۆنەها کەس لە ناوەندەکانی شارو شارۆچکەکانی میسر هاواری (برۆ، برۆ) یان لە بەرامبەر دەسەڵاتە گەندەڵ وسەرمایەداریەکەی (حوسنی موبارەک) و بنەماڵەکەیان بەدەنگی بەرز دەوتەوە. سەرئەنجام ئەم حکومەتەش نەیتوانی بەرگەی هاتنە مەیدانی ملیۆنی جەماوەری شۆرشگێر بگرێت و خۆیان دا بەدەستەوە و دەسەلاتیان بەجێهێشت.


کاریگەری ئەم دوو ڕوداوە، بۆ سەر عێراق و کوردستان هەر بەزوویی خۆی نیشاندا، بەتایبەت لە کوردستان بەهۆی سایەکردنی دەسەلاتی گەندەڵ و میلیشاییی یەکێتی وپارتی و مانەوەی ستەم و زوڵم و نابەرابەری کۆمەلایەتی و غەرقبوونی دەسەلاتدارانی ئەم دوو حزبە لە نێو زەلکاوی گەندەڵیدا، بێ بەشکردنی زۆرینەی خەڵکی زەحمەتکێشی کورستان لەسەرەتاییترین ماف و خزمەتگوزارییەکان. سەرئەنجام لە ١٧ ی شوباتی ساڵی ٢٠١١ جەماوەری ناڕازی لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی سەرەتای دەستپێکردن و هاتنە مەیدانی بزوتنەوەیەکی جەماوەری تۆڕە وناڕازی لە بەرامبەر مانەوەی ستەم و زۆرداری، خۆی ڕاگەیاند. ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە هەر بەزویی زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە و جەنگێکی بەرفراوانی جەماوەری لەبەرامبەر دەسەڵاتی میلیشایی یەکێتی و پارتی دەستپێکرد. خواست و پەیامەکانی ئەم بزوتنەوەیە بەئاشکرا، خۆی لە کۆتایهێنان بە سیستەمی گەندەڵی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتەکەی بوو. کاردانەوەکانی دەسەلاتداران بەگوولە بارانکردنی خۆپیشاندەران و پاشان پەلاماردانی سەربازی و کوێرانە بۆسەر مەیدانەکانی کۆبونەوە جەماوەرییەکان و گردبونەوەکان، ڕادەی ترس و تۆقینی ئەم دەسەلاتەی لەم بزوتنەوەیە، بە ئاشکرا خستەڕوو. کار گەیشتە ئەوەی کە پەنا بۆ حکومەتەکانی دەوروبەر بەرن بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەیان و بەرگرتن بەم تورەییە جەماوەرییە.

ئەو بارودۆخە جیهانی وناوچەییەی کە بوونە هۆی لەدایکبونی ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە، بەتایبەت قەیرانی ئابوری سیستەمی سەرمایەداری لە ئاستی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٨ و شکاندنەوەی بارگرانی ئەم قەیرانە بەسەر شانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە ولاتە جۆربەجۆرەکان، لەوانە تونس و میسر و کوردستان و هاوکاتی ئەمەش درێژەکێشانی دەسەڵاتی ستەمکار وسەرکوتگەرەکان لەم وڵاتانە. هۆکاری بنچینەیی ئەم خرۆشانە بەفراوانەی جەماوەر بوو.

لە بارودۆخی ئێستاشدا، دەکرێ زۆر بەڕوونی بڵێین هێشتا ناوەرۆکی پەیامەکانی ١٧ی شوبات ماوە، چونکە نەگەیشتە ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆی کە دەیەویست کۆتایی بەدەسەلاتی گەندەڵ وستەمکار بهێنیت لە کوردستان، دەکرێ نمونەکانی ئەم دواییە لە نارەزایەتییە جەماوەریەکانی کرێکارانی ژینگەپارێز و مامۆستایان و فەرمانبەران و دانیشتوانی شاروشارۆچکە جۆربەجۆرەکانی کوردستان. شکست دانی هەڵبژاردنەکان لە ڕێگای بایکۆت و بەشداری نەکردنەوە، تا دەگاتە مایەپوچ بوونی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوای و دەرکەوتنی ناوەرۆکی پوچەڵیان...تاد وەک درێژەپێدەر وهەڵگری ئەو پەیامانە دەست نیشان بکەین. لە ئیستادا کە بەرەو یادی ١٧ شوبات و ڕۆژانی دواتر دەچین، دۆخی هەریمی کوردستان و هاولاتیان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بۆرژاو- میلیشیایی کوردا، لەو پەرێ خراپیدایە، دزی و تاڵانی و گەندەڵی زۆرترە. سەرکوت بێ پەردەترە. گرانی و برسێتی و بێکاری دەستی ناوەتە بینەقاقای چینی چینی کرێکار و جەماوەری بەش مەینەت. ئاییندەی سیاسی کوردستان نادیار و خەریکە لە ژێر ناوێ فیدرالیزەکردنی عێراقدا و لەهەلومەرجی تازەی هاوسەنگی هێزدا، کە بەسودی ناوەندە، کوردستان بە کردەوە بە دەسەڵاتی ئیسلامی و عروبیەوە دەلکێنرێتەوە... هاوکات خواستەکانی بزوتنەوەی جەماوەری ١٧ شوبات، گۆراوە بە خواستی ڕامالینی دەسەڵات و هیچ کەسێک چاوەروانی ئەوەی لەدەسەلات نەماوە چاکسازی بکات. ماهیەتی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کە بوونەتە بەشیک لە دەسەڵاتی دزو چەتە نەتەوەپەرستەکانی کورد، بەتەواوی ئاشکرابووە و نەوەی نویش وەکو کۆمپانیایەک شانسی لە ئۆپۆزیسیۆن پێش خۆی باشتر نییە.

لە هەلومەرجی ئیستادا زەمینە بۆ بەدیهێنانی خواستی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان وەکو خواستێکی واقعی و ئینسانی لە ئارادایە و جەماوەری شۆرشگێر دەکرێ بە پراکتیک وبەرنامەی شۆرشگێرانەی خۆی، بە ڕێکخراوبوون و توانایی ولێهاتویی خۆی بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پیرۆزە، زۆر بەڕوونی بخاتە ڕوو.

٢٠٢٤-٢-١٤



# شەڕی ئۆکرانیا، زیادبوونی خەرجییە سەربازییەکان و میلیتاریزەکردنی ئەوروپا

لە چاوپێکەوتنەکەی هەفتەی ڕابردووی ڤلادیمێر پوتن لەگەڵ کەناڵی فۆکس نیوز، خاڵێکی گرنگی ئاشکراکرد سەبارەت بە هۆکاری سەرەکی سەردانی کتوپڕی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بۆریس جۆنسن لە کۆتایی مانگی سێی ٢٠٢٢ بۆ ئۆکرانیا.

پوتن پشتڕاستی کردەوە کە پێش سەردانەکەی جۆنسۆن، ڕێککەوتنێک کە لەلایەن نوێنەرانی هەردوو وڵاتی ئۆکرانیا و ڕووسیا پەسەند کرابوو وە لەلایەن فەرەنسا و ئەڵمانیاشەوە واژۆ کرابوو. دەستێوەردان و بەڵێنی جۆنسۆن بووە هۆی ئەوەی ڤلادیمێر زێلێنسکی لە ڕێککەوتنەکە پاشگەز ببێتەوە. دیارە جۆنسۆن ئەو هەنگاوەی بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی ئەمریکا نەناوە.

بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، تا مانگی نیسانی ٢٠٢٢ کەمێک زیاتر لە هەزار هاوڵاتی مەدەنی گیانیان لەدەستدابوو، لەو کاتەوە ١٠ هێندەی ئەو ژمارەیە کوژراون و پێدەچێت هەمان ڕێژە بۆ ئاستی زۆر بەرزتری قوربانییە سەربازییەکان بێت.

بەڵام لەوەش نیگەرانکەرتر پرۆسەی میلیتاریزەکردنی ناوچەکەیە. یەکێتی ئەورووپا هێزەکانی خۆی لەگەڵ ناتۆ یەکخستووە و ناتۆش فراوانتر بووە. فینلاند لە مانگی ئاياری ٢٠٢٢ پەیوەندی کرد و درێژی سنووری ناتۆی لەگەڵ ڕووسیا دوو هێندە کرد. سوید لە مانگی ئایاری ٢٠٢٢ داواکاری پێشکەش کرد، هەرچەندە تا ئێستاش داواکارییەکەی لەلایەن هەنگاریا بلۆک کراوە. بودجەی سەربازی ناتۆ بە ڕێژەی ٢٣ لەسەدا زیادی کراوە.

خەرجییە سەربازییەکانی ڕووسیا لە ساڵی ٢٠٢٤ بە ڕێژەی ٣٠٪ زیاد دەکات و دەگاتە ٣٧٦,٧ ملیار یۆرۆ.

حکومەتی ئەڵمانیا هەفتەی ڕابووردو پڕۆژە بودجەی ساڵی ٢٠٢٤ ی پەسەند کرد کە پێشبینی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەکات, بەڵام پێشبینی دەکرێت خەرجییە سەربازییەکانی ئەڵمانیا بە ڕێژەی ١,٧ ملیار یۆرۆ بەرزببێتەوە بۆ نزیکەی ٥١,٨ ملیار یۆرۆ.

حکومەتی ماکرۆن ١,٥ ملیار یۆرۆی بۆ بودجەی بەرگری ساڵی ٢٠٢٣ زیادکرد کە لە ٤٣,٩ ملیار یۆرۆوە گەیشتە ٤٥,٤ ملیار یۆرۆ. دواتر بودجەی ساڵانە ساڵ بە ساڵ بە لایەنی کەمەوە ٣ ملیار یۆرۆ زیاد دەکات تا ساڵی ٢٠٣٠.

حکومەتی ئیتاڵیا لە ساڵی ٢٠٢٢ بڕی ٧,٨٩ ملیار یۆرۆی بۆ خەرجییە سەربازییەکان تەرخان کرد، ئەمەش زیاترە لە بودجەی ساڵی ٢٠٢١ کە ٦,٧٦ ملیار یۆرۆ بوو، وە لە ساڵی ٢٠٢٠ کە ٥,٤٥ ملیار یۆرۆ بوو.

وەزیری بەرگری پێشووی بەریتانیا لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢ بەڵێنی حکومەتی ڕاگەیاند کە خەرجییە سەربازییەکان دوو هێندە بکات بۆ ١٠٠ ملیار پاوەند تا ساڵی ٢٠٣٠.

دواتر لە بودجەی مانگی ئایاری ٢٠٢٣، وەزیری دارایی ١١ ملیار پاوەندی زیاتری خستە سەر خەرجییە سەربازییەکان. پارەی زیاتریش بۆ بودجەی داهاتوو پێشنیار کرا گوایە "بۆ بەهێزکردنی بەرگرییەکانی بەریتانیا لە دەریای سوور". بەریتانیا لە دوای ئەمریکا بە دووهەم گەورەترین بەشداری ناتۆ ماوەتەوە.

بەڵام کە دێتە سەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەریتانیا توانای دابینکردنی ژێرخانی بنەڕەتی پێویست بۆ ئاوی پاک، گواستنەوەی شەمەندەفەر، خزمەتگوزاری تەندروستی بەردەوام و خوێندنی کاریگەر نییە. بەرزبوونەوەی کرێی خانووبەرە، کرێچییە بەتەمەنەکان دەخاتە ناو هەژارییەوە و زۆربەی شارەوانی شارەکان لە سەرانسەری بەریتانیا خولێکی دیکەی کەمکردنی پارمەتی کرێی خانووبەرەی ڕاگەیاندووە.

پێویستە ئەوە ڕوون بێت کە زیادبوونی خەرجییە سەربازییەکان هەمیشە لەسەر حسابی کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بووە و خەرجییە سەربازییەکان هەلی کار دروست ناکات, بەڵکو لەناوی دەبات.

نووسینی: توانا محەمە نوری

**پرسی ڕۆژ کۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

**مامۆستا "دیمەن عەزیز "یەکێك لەهەڵسوڕاوانی مامۆستایانی نارازی لەشاری کۆیە، وەڵامی پرسی ئەم ژمارەیەی داینەوە سەبارەت بەرۆڵی ژنان لەناڕەزایەتیەکانی مامۆستایان.**



**پرسی ڕۆژ:**

**مامۆستایان ومامۆستایانی وانەبێژ؛ بۆ ٥ مانگ دەچێت لەسەر شەقام و دادگا وناوەندە حکومیەکاندا داکۆکی لەچەند مافێکی خۆیان وسەرجەم مووچەخۆرانی حکومی دەکەن کەلەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لێیان زەوتکراوە. ناڕەزایەتیەکان ڕۆژ بەرۆژ بەهێزتر وئاسۆیان ڕۆشنتر دەبێت، و لێکەوتەو دەرئەنجامی تازەی لێکەوتۆتەوە لەشێوەی زیادبوونی فشارەکانی دەسەڵات لەگرتن وهەڕەشە، وفشارە کۆمەڵایەتی وئابووریەکان بەسەر مامۆستایان.**

**پرسی ڕۆژ: ڕۆڵی مامۆستایانی ژن، و ژنان بەگشتی لەناڕەزایەتیەکاندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ وە ئایا ڕۆڵەکانیان تەنیا بەشداریکردنە یان سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستنی ناڕەزایەتیەکانیشە؟**

**م.دیمەن عەزیز:** هەڵبەتە ژنان هەمیشە شانبەشانی پیاوان وهاویشەکانیان ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا. لەڕابردوو هەروەها لەداهاتووش، جا چ لەمەیدانی سیاسی بێت یاخود لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی وڕۆشنبیری وهونەری لەژیاندا، دەستی هاوکاریان بردووە بۆبەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا ژنان زیاترسەرقاڵی بواری ژیانی تایبەتی خۆیانن لەپەروەردەکردنی منداڵ وئەرکی کاری ماڵەوە، بەڵام کۆڵیان نەداوە لەبەرامبەر ئەوئاستەنگ وئاریشانەی دێتە ڕێگاکی ژیانیان، لەهیچ کاتێك ولەهیچ لایەنێك سڵیان نەکردۆتەوە لەئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆیان لەدەرەوەبێت یان لەناوماڵ. لەگەڵ ئەوەشدا لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەگردبوونەوەکان وخۆپشاندانی مامۆستایان لەسەرداواکردنی مافی ڕەوای خۆیان لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان، وبەبێ جیاوازی وبەڕێژەیەکی یەکجار زۆر بەشداریان کردووە. بەگروتینێکی زۆر و هێزو توانایەکی زۆر چاونەترسانە بەشداریان کردووە، وپاڵپشتی وتارو دەنگی ناڕەزایەتییەکان بوون.

**پرسی ڕۆژ:** دەستبردنی دەسەڵات بۆچەواشەکارو هەڕەشەی گرتن لەچالاکوانانی نێو مامۆستایان، بەتایبەت لەشارەکانی کۆیە وشارەزوور وسلێمانی مامۆستایانیان دەستگیرکردووە، بەڕای ئێوە چ مانایەکی هەیە؟ وچۆن وەڵام دەدرێتەوە؟

**پرسی ڕۆژ:** دەستبردنی دەسەڵات بۆ چەواشەکاری هەرشەی گرتن لەچاڵاکوانانی نیو مامۆستایان بەڕای ئێوە چ مانایەکی هەیە؟

**م.دیمەن عەزیز:** دەسەڵاتی ستەمکار هەمیشە هەوڵدەدات دەنگی ناڕەزایەتییەکان کپ بکاتەوە وئازادی ڕادەربرین سەرکوت بکات، جا بەهەرشێوەیەك لەشێوەکانی توندوتیژی بێت، گرتن، ئەشکەنجەدان دوورخستنەوە لە کارەکانیان، یا بەقسەی ناشیرین و قسەهەلبەستن و تاڕادەی لێدان هەندێکجار کوشتنیشی لێدەکەوێتەوە، لەبەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵگە دەستی بۆدەبات، وە لە بەرامبەر قەڵەمی ئازاددا ئەنجامی دەدەن. ترس وتۆقاندن لەناو چالاکوانانی مەدەنی و ڕۆژنامەنوسان دەکرێت. لەم ساتەوەختەی ئێستادا کە ناڕەزایەتییەکانی مامۆستایان لەشەقام بەردەوام بوو، هەوڵیان دەدا بەلاڕێیدا ببەن. زۆر ڕێکاری چەواشەکردنیان گرتۆتە بەر لەمیدیا و دارودەستەکانی خۆیان لە ڕێکخراوە رووزەردەکانیەوە بگرە هەتا بەناو پیاوماقووڵان... هەندێك جار هێزی ئاسایش ئامادەدەکران لەکاتی خۆپیشاندانی مامۆستایان بۆ چاوترساندن، بەڵام توندوتیژیان دەنواند بەرامبەریان بەبێ جیاوازی ڕەگەزوتەمەن. لە١/٢٨/ ٢٠٢٤لەم بەروارەدا هێزەکانی ئاسایش پەلاماری مامۆستایان و خۆپشاندەریاندا، و توندوتیژیان لەبەرامبەر مندا نواند لەکۆیە، بەقسەی نەشیاو ڕێگرتن لەگردبوونەوەی مامۆستایان. من خۆم یەکێك بووم لەو مامۆستایانەی کەهێزەکانی ئاسایش پەلاماریاندام و مۆبایلەکەیان لێ سەندم! ئەوەش یەکێك بوو لە توندوتیژیەکانی هێزی ئاسایش کەبەرامبەر مامۆستایان ئەنجامیاندا. لەگەڵ ئەم هەموو فشارو توودوتیژیانە مامۆستایان هەرکۆڵیان نەداو بەردەوام بوون، هەر کۆکن و یەکدەنگن لەپێناو مافە زەوتکراوەکانی سەرجەم مووچەخۆر ومامۆستایانی وانەبێژ.


سەرکەوتووبێت ناڕەزایەتی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ وسەرجەم مووچەخۆران.




هەر حزب و لایەنێکی سیاسی و جەماوەری و هەر کۆڕو کۆمەڵ و کەسایەتییەك، ئەگەر بایی سەرە دەرزییەك لە خەمی خوێندن و پەروەردەدا بێت، پیویستە بەرگری لە مافی رەوای مامۆستایان و زیاتر لەوەش لە نارەزایەتیەکانیان بکات. ئۆباڵی دواکەوتنی خوێندن لە ئەستۆ دەسەڵاتەو ئەوانەشی بەرگری لەو دەسەڵاتە دەکەن یان داوا لە مامۆستایان وفەرمانبەران دەکەن دەست لەمافی خۆیان هەڵبگرن، پێ بزانن یان نەزانن... خزمەت بەو دەسەڵاتە تاڵانچی و گەندەڵە دەکەن و دەیانەوێت تەمەنی نەگریسی درێژ بکرێتەوە. مامۆستایان و وانەبێژان، نە ئەندام پەرلەمان و نە وەزیر و بەڕیوەبەری گشتی و نە موچەخۆری بن دیوار و نە بەرپرسی ئەمنی و سەربازی و نە لەبازنەی خێزانە حزبی و دەستڕۆشتوەکان و نە لیستی خانەنشینانی پلە باڵادان... تا خەمی موچەیان نەبێت و لە پارەی خەوتوو و وە کەڵەکەکراویان بخۆن.

# چەقبەستوویی شەڕی ئۆکرانیا و گەشەی ئابووری ڕووسیا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: توانا محەمەد نوری



هەرگیز دەوڵەتی ڕووسیا بە کەم مەزانە، ئەمە وانەی سەرەکی شەڕی بە وەکالەتی ناتۆیە لەگەڵ ڕووسیا. بەربەستە سیاسییەکان بۆ دابینکردنی دارایی جەنگەکە ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ کەمبوونەوەی پەرۆشی یەکێتی ئەورووپا بۆ شەڕەکە. دواجار یەکێتی ئەورووپا ڤیکتۆر ئۆربانی سەرۆکوەزیرانی توندڕەوی ڕاستڕەوی هەنگاریایان ڕازیکرد و ڤیتۆی خۆی کشاندەوەو بڕی ٥٠ ملیار یۆرۆ یارمەتیان بۆ ئۆکرانیا دابینکرد. بەڵام ئایا ئەمە چارەسەری ئەو کەمیی چەک و تەقەمەنییە دەکات کە کییڤ پێویستی پێیەتی؟ هاوکات دوایین پاکێجی یارمەتییە سەربازییەکانی جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا لە کۆنگرێسدا گیری خواردووە. بایدن ڕازی بوو بە داواکاری کۆمارییەکان بۆ سەرکوتکردن و ڕێگری زیاتر لە پەنابەران لە سنووری باشووری ئەمریکا، تەنیا بۆ ئەوەی کۆمارییەکان ڕازی بکات, بەڵام ڕێکەوتنەکە بەهۆی فشاری دۆناڵد ترەمپەوە ڕێگری لێکرا. شکستی هێرشەکەی ساڵی ڕابردوو هیوای سەرکەوتنێکی سەربازی بۆ ئۆکرانیا تێکشکاند. حکومەتی بایدن پلانێکی درێژخایەنی بۆ یارمەتیدانی کییڤ پەرەپێدەدا، بەڵام بەگوێرەی بەرپرسان، ئەو پلانانانە پێشبینی ئەوە ناکەن کە ئۆکرانیا لە ساڵی ٢٠٢٤دا شکست بە ڕوسیا بهێنێت. بۆ تێگەیشتن لەو چەقبەستووییەی ئۆکرانیا و پشتیوانە ڕۆژئاواییەکانی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، دەبێت سەیری دیوەکەی دیکەی هاوکێشەکەش بکەین کە ڕووسیایە. حیساباتی بایدن دوای ئەوەی ڤلادیمێر پوتین فەرمانی شەڕی دەرکرد، ئەوە بوو کە دەتوانێت لە ڕێگەی سزا داراییەکان و دابینکردنی چەک و "ڕاوێژکاری" سەربازی بۆ ئۆکرانیا ڕکابەرێکی مەترسیدار لاواز بکات و لە کۆتاییدا شکستی پێبهێنێ. لە ئێستادا ئەم سیاسەتە بە ئاشکرا شکستی هێناوە. بەپێی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، ڕووسیا لە ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەی لەسەدا ٣ گەشەی کردووە، ئەمەش خێراترە لە هەریەکێک لە ئابوورییە گەورەکانی ڕۆژئاوای گروپی حەوت. پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ جارێکی تر لێیان بباتەوە. بانکی نێودەوڵەتی مەزەندە دەکات کە بەرهەمی ناوخۆی ئابووری ڕووسیا لە ئابووری ئەڵمانیا گەورەترە. ڕوونکردنەوەی پسپۆڕان ئەوەیە کە "کرێملین خۆی لە قەیرانی ئابووری لە ڕێگەی فرۆشتنی وزەوە ڕزگارکرد و هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بۆ سنووردارکردنی داهاتەکانی حکومەتی پوتین سەری نەگرت. ئابووری ناسێک دەڵێت: "ڕژێمی پوتین توانی خۆی ڕابگرێ, چونکە لەسەر ئەمبارێکی زەبەلاحی نەوت دانیشتووە. ئابووری ڕووسیا ئێستا وەک بەنزینخانەیەک وایە کە دەستی کردووە بە بەرهەمهێنانی تانک.

## سزاکان


لە ئەنجامی سزاکانی ڕۆژئاوا، ڕووسیا زەرەرمەند نەبووە, بەڵکو توانی سوود لە نرخی بەرزی وزە وەربگرێت و لە جیاتی بازاڕەکانی ئەورووپا، وزە بۆ هندوستان و چین هەناردە بکات. جگە لەوەش ڕووسیا گۆڕاوە بۆ ئابوورییەکی جەنگی کە دەوڵەت ئاراستەی دەکات. پوتین ڕژێمێکی تاکڕەو و تا دێت سەرکوتکەری بەڕێوەبردووە، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە پشت بە تیمێک دەبەستێت کە سیاسەتی نیولیبراڵی توندڕەوی ئۆرتۆدۆکسی جێبەجێ کردووە. بەبەردەوام بلۆکی ئابووری (وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندی) ڕژێمی ڕووسیا ڕزگار دەکات. سەلماندوویانە کە زۆر بەسوودترن بۆ پوتین لە ژەنەڕاڵەکان.

خەرجییە سەربازییەکان زۆر بەرزبوونەتەوە، لە ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٠ دا گەیشتووەتە نزیکەی یەک لەسەر دەی داهاتی نیشتیمانی ڕووسیا. لە ڕوانگەی پوتینەوە هێشتنەوەی ئابووری لە گەشەکردندا ڕێگەی پێداوە لەو شڵەژانە سیاسییە دەرباز ببێت کە لە دەوروبەری یاخیبوونی سەربازیی یڤگینی پریگۆژین لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا ڕوویدا. فەرماندەی گشتی ئۆکرانیا ژەنەڕاڵ ڤالێری زەلووژنی دان بەوەدا دەنێت کە ڕوسیا لە ڕادەبەدەر دڕندانە بووە لە بەسەربازکردنی تاوانباران و سزادراوان کە وەک خۆراکی شەڕ بەکاریان دەهێنێت.

١١/٢/٢٠٢٤

# ڕەوتی نیشتمانی کوردستان پێویستییە یان کاردانەوە؟

نووسینی:نما ناوپردانی



کەم و زۆر شتێکم بەرچاو نەکەوت، دوای ڕاگەیاندنی ڕەوتەکەی لاهور شێخ جەنگی، لەو بارەیەوە چاک یان خراپ هەڵسەنگاندنێکی بۆ بکرێت، بە تایبەتیش لەو دۆخە ئاڵۆزەی هەرێم وعێراق و ناوچەکە و جیهانی تێدایە، یەک پارچە شەڕ و پێکدادان بووەتە هەواڵی ڕۆژانە، لە نێو هەموو ئەو ئاریشانەشدا هەرێمی کوردستان بەهۆی جەمسەرگیری ناوچەییەوە بەردەوام پڕیشکی ئاڵۆزیەکانی بەردەکەوێت، ئەوە سەرەڕای خراپی باری گوزەرانی خەڵک و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیانی ڕۆژانە.

پرسیارێکی گونجاوە ئەگەر خەڵک بپرسێت، ئایا ڕەوتە تازەکەی لاهور شێخ جەنگی، وەڵام یان پێداویستی قۆناغی ئێستای هەرێمی باشورە یان هەڵقوڵاوی خەم و ئازارەکانیانە، بە دیوێکی تردا یان کاردانەوەی ڕووداوەکانی ناو یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانە، بۆ تۆڵەکردنەوە و کەمکردنەوەی سەنگی یەکێتی لە سنوری ناوچەی سەوز.

یەکەم: لە ساڵی ( ٢٠٠٩ ) ەوە، سنوری ناوچەی سەوز بۆتە گۆڕەپانی ئۆپۆزسیۆنی ساختە، جەماوەر وێڕای بێ متمانەیی هیوای بە هێز و لایەنێک نەماوە بە ناوی ئۆپۆزسیۆن بوونی جەماوەری، ئەوەش دەرەنجامی ئەزموونی چەند ساڵەیان.

ئەگەر ڕەوتەکەی لاهوری شێخ جەنگی وەکو ئۆپۆزسیۆن دێتە گۆڕەپانەکەوە، دەبێت ئەو سنورە جوگرافیەی ئۆپۆزسیۆنی پێش خۆی ببڕێت و سنوری کار و چالاکییە جەماوەرییەکانیان فراوان بکەن بۆ پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و ناوچە داگیرکراوەکانی پەیوەست بە ماددەی سەت و چل.

دووەم: ئەگەریش ڕەوتەکە قورسایی هێز و کاری ڕێکخراوەیی خستە سەر ناوچەی سەوز و هاوسەنگی لەگەڵ پارێزگا و ناوچەکانی تردا نەبوو، بێ شک جەماوەریش وەکو کاردانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن و کاریگەریەکی بەرچاوی نابێت لە گۆڕینی هاوکێشەی سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

سێیەم: کۆمەڵێک سەرکردە و فەرماندەی یەکێتیی لەگەڵ ڕەوتەکەی لاهوری شێخ جەنگیدان، بەشی زۆریان بارگاوین بە گەندەڵی و نابەرپرسیارێتی لەو چەند ساڵانەی لەناو یەکێتیدا بوون، ئەگەر ڕەوتەکە جڵەوی ڕێبەرایەتی بداتە دەست ئەو کەسانە، هەر لە سەرەتاوە تووشی شکست دەبن و خەڵکیش هێندەی تر نائومێد دەکەن، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ڕەوتەکە لە ئاستی خوارەوەی جەماوەر متمانە بداتە کەسانێک کە پێشتر بەشێک نەبوون لە ئەزموونی شکستخواردووی حزبەکانی دەسەڵات، بەدڵنیاییەوە دەتوانن بنەمای متمانە لە نێوان خۆیان و جەماوەردا دابڕێژن.

چوارەم: کێشەی کورد لە هەرێمی کوردستاندا لە دوای ( ٢٠٠٣ ) ەوە چۆتە قۆناغی یاسایی و دەستوری لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەغدا، هەرێمی کوردستانیش تا ئەو ساتە بەهۆی نەبوونی دەستورێکی نیشتیمانی دیموکراسی گیرۆدەی چەندین کێشە و تێکگیران بۆتەوە لەگەڵ بەغدا، ئەمە وێڕای ئەوەی لە ناوخۆی هەرێمیشدا بەهۆی ئەو بۆشاییە دەستوری و یاساییە، هەر حزبە و بە دەستوری حزبی تایبەتی خۆی بەشێکی هەرێم بەڕێوە دەبات.

دەرفەتێکی باشە بۆ ڕەوتەکەی لاهوری شێخ جەنگی، پێش پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ لایەنەکان هەوڵ بدەن بۆ نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان و هاوکات لەگەڵ دەنگدانی پەرلەمان لەڕێگەی ڕاپرسیەکەوە دەنگیش بۆ دەستورەکە بدرێت، ئەگەر ئەوە نەکرێت نەک هەر ئەو ڕەوتە، هیچ حیزب و ڕێکخراوێک ناتوانێت ئازادانە و لە بەرژەوەندی گشتی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا هەنگاو هەڵبێنێت و کلیلی چارەسەری کێشەکانی دەست بکەوێت، چونکە زامنکردنی ماف و ئازادی هاوڵاتیان تەنها بە یاسا و پرانسیپ دەستەبەر دەبێت، نەک بە دروشم و جوڵاندنی سۆزی خەڵک، بۆیەشە ئەگەر ئەو ڕەوتە تازەیە لەو دەروازەوە نەچێتە ناو کێبرکێی سیاسی لە پێناو ماف و ئازادییەکانی خەڵک، بێگومان سەرکەوتن بەدەست ناهێنن و ئەوانیش دەبنە بارێکی دیکە بەسەر شانی خەڵکەوە.

*****

# حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سکاڵای یاسایی لەسەر حاکم رزگار تۆمار کرد، بۆ رۆشنایی خستنە سەر هۆکاری ئەم سکاڵا تۆمارکردنە بۆپێشەوە ئەم دیمانەیەی لەگەڵ هاوڕێ مەحمود






**بۆپێشەوە: هۆکاری تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی لەسەر حاکم رزگار چییە؟**

**مەحمود حەلاق:** سەرەتا، زۆر سوپاس بۆ بۆپێشەوە... وەک دەزانرێت ئێمە هەمیشە لەسەنگەری پارێزگاری لەماف و خواستەکانی خەڵکی کوردستاندا پتەو و قایم ڕاوەستاوین و هەمیشەش خۆمان بەبەشێکی زیندووی خەباتی باشترکردنی ژیان و چارەنووسی ئەوان زانیوەو لەم پێناوەشدا بەردەوامین. حزب لەماوەی زیاتر لەچوار مانگە سەربەرزانە لەناوخۆپیشاندان و مانگرتنەکانی مامۆستایان مووچەخۆراندا بووە.. هۆکاری ئەم کێشەیەی کەهاتۆتە پێشەوە لەنێوان حزب و حاکم ڕزگاردا، وەستانەوەی ئێمە بووە لەسەنگەری ماف و خواست حەق و حقوقی خەڵکی کوردستان کە مووچەخۆران و مامۆستایان بەشێکی گەورەی ئەو خەڵکەیە... لەدێژەی خەباتی چەند مانگەی نارەزایەتی مووچەخۆران و مامۆستایاندا، هەوڵەکانی حکومەت و دەسەڵاتداران دەستی پێکردو بەردەوام بوو لەسەر پەرت پەرتکردن و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ڕیزی ئەوان، هەربۆیە میکانیزمی پەرتکردنی ئەنجومەنەکانی مامۆستایان گیرا بەدەستەوەو بەم هۆیەشەوە گرفت و قڵشتی گەورەی هێنایە پێشەوە.. دواتر حکومەت لەڕێگای وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرەکانی پەروەردەوە کەوتە ترساندن و هەڕەشەی دەرکردن و گواستنەوە لەمامۆستایان.. هەربەمەشەوە نەوەستا، بەڵکو لەڕێگای جۆرەها کەناڵ و موحەلیل و ڕیش سپیەکانی خۆیەوە هەوڵیدا چەواشەکارییانە ئەو پەیامە بدات بەکۆمەڵگە و کۆمەڵگە لەدژی مووچەخۆران و مامۆستایان هەڵخڕێنێت کە خوێندکاران ساڵێکیان نەفەوتێت و ناکرێت خوێندکاران باجی ئەم کێشەو گرفتەی ئەوان بدەنەوە! بەم هۆیەوە حزبی ئێمە سەرەڕای چەندین بەیاننامە بۆپشتیوانی مووچەخۆران و مامۆستایان لەپێناوی وەدەستهێنانی ماف و حەقی خوراویاندا، جارێکی تریش کۆتا بەیاننامەی دەرکرد لەسەر مەحکومکردنی بردنە پێشەوەی ئەجێندانی سیاسی هەر هەوڵ و تەقەللایەک کە دەسەڵات لەڕێگای ئەم ڕیش سپیانەی خۆیەوە ئەیگرێتەبەر بۆ گێڕاندنەوەی موچەخۆرو مامۆستایان بەدەستی بەتاڵەوە بۆ ناوەندەکانی خوێندن و فەرمانگەکان.. ئا لێرەدا حاکم ڕزگار تۆمەت نامەیەکی لەناو گروپی واتس ئەپی خۆیاندا بەناوی الاخبار– هەواڵەکان لەدژی حزب بڵاوکردەوە.. سەرەڕای تەشهیرات، بێحورمەتی، زمانی زبرو..هتد.. تۆمەتی جاسوسی، خائین، کلک گرێدراوی دەرەکی، کەسانی بێ ڕەگ و ڕیشەو ئەسڵ و فەصڵی دایە پاڵ حزب.. بەم هۆیەوە حزبیش ڕێکاری یاسایی خۆی بەڕێگای فەرمی گەیاندە لای دادوەری لێکۆڵێنەوە لەدادگای سلێمانی لەبەرواری ٨/٢/٢٠٢٤.

**بۆپێشەوە: ئێوە وەکو حزبی کۆمۆنیست تا چەندە بڕواتان بەدادگاو یاساکانی کوردستان هەیە، تا پەنای بۆببەن؟ وە چ چاوەروانیەکتان لەدادگا هەیە ئەو کەیسە بەشێوەیەکی عادلانە یەکلایی بکاتەوە؟**

**مەحمود حەلاق:** لەم ڕێگا یاساییەوە ئێمە هەوڵی خۆمان ئەدەین بۆیەکلاییکردنەوەی کەیسەکەو هەر لێرەشەوە ئەمانەوێت دادگا بەکاری خۆی هەستێت و بتوانێت ماف بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە، وەک ئەوەی باوە کە دادگا عەدالەت دەگێڕێتەوەو تێکەڵ بەکاری سیاسی نابێت.. سەرەڕای ئەوەی باوەڕم بەدادگا هەبێت یان نا، بەڵام چاوەڕوانییەکم ئەگەر هەبێت لەدادگا تەنها ئەوەیە بەهۆی ئەم کەیسەوە خۆی نەخاتە ژێر پرسیاری گەورەی خەڵکەوەو بۆخەڵکیش ئاشکراو مەعلوم بێت کەدادگا ئەیەوێت چی بکات لەسەر بابەتێکی لەمجۆرە تۆمەت بەخشینەوە لەلایەن دادوەرێکەوە.. ئایا دادگا ئەتوانێت یاسا سەروەر بکات و چاوپۆشی بکات لەهەر پلەو پایەو حەصانەیەک؟! ئەگەر وانەبێت، ئێمە ناچار ئەبین ئەوکاتە لەڕێگای بەیاننامەی خۆمانەوە هەڵوێستی دادگا بۆخەڵک پێناسە بکەینەوەو ڕای گشتی خەڵکی بۆ بهێنینە پشتەوە.

**بۆپێشەوە: نەدەکرا لە جێگای سکاڵای یاسایی بە ڕیگەی دیکە ئەم مەسەلەیە چارەسەر کرابا؟**

**مەحمود حەلاق:** ئێمە دروست نۆ ڕۆژ دوای ئەوەی حاکم تۆمەتەکانی بەخشیەوە، شکاتی خۆمان گەیاندە دادگا. پێش ئەو بەروارە، دیسانەوە لەڕێگای بەیانێکی حزبەوە کەبڵاوکرایەوە هێماکرابوو بۆئەوەی حاکم داوای لێبوردن بکات، هەڵبەت بەشەخصی پەیوەندی پێوە نەکراوەو من خۆم لەو باوەڕەدا نیم کە بەیانەکەی نەبینیبێت! سەرەڕای ئەوەش، حاکم ڕیزێک لەبوختان و بێحورمەتی و تۆمەتی لیست کردووە، ئەدی بەچ لۆژیکێک پەیوەندی پێوە بکرێت بۆئەوەی داوای لێبوردن بکات؟ ! بەهەرحاڵ هەرچۆن بێت کەیسەکە چووەتە ناو ڕێکارە یاساییەکانەوەو چاوەڕێ ئەکەین کەسەرەنجامەکەی بەرەو کوێ دەڕوات..

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن.

بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێڕان، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف

# نامەیەک' بۆ ژیان جێدەهێڵم

نووسینی : کاوان قادر، ڕێبوار حەمە شەریف






من نازانم' لە ناشڤێڵ لەدایک بووم یا لە کوردستان !

هەشت ساڵ بە کولە مەرگی و لەژێر چەتری ڕەحمەتی UNێکی تێکشکاودا، لە ناو باوهۆزی پاکستانێکی جەنجاڵدا مێرووله ئاسا بە دوای دەنکە گەنمێکەوە هەزاران میلم بڕی، تا سکی برسیم داوای نانم لێ نەکات و هیچ نەبێ بێداری چاوەکانیشم، دوور لە کەس و کارم بهێڵێ کەمێک لەغوربەتدا سەری بێ سەرینم کەمێک بنوێ.

نازانم چیت بۆ بنووسم ژیان خاتوون ...با بڵێم ... خاتوو ژیان، هاتم و سڵاوێکی باشت



وەڵام نەدامەوە... ئێستەش دەڕۆم هەر هیچ نەبێ ژییانئاوایی یەکی باشت بکردایە، ئەزانم کە ئەرک بووم لەسەر دڵت، بەڵام خۆ لە دایک بوونم ویستی خۆم نەبوو، ئەوە ویستی تۆ بوو کە منی بۆ ئێرە هانی . کاتێک، هەواڵێ ... لە غوربەتەوە بۆ غوربەتم بە نامەیەک پێگەیشت، خەونێکی تاساو بەرۆکی شەوێکی تاریکی پاکستانی داگرتبوو.. تا ئاسمانێکی بۆ ببینێتەوە و تیایدا هەڵفڕێ، فڕینێک وەک پەپوولەیەکی دڵشکاو کەهیچ باخێک لەو وڵاتەدا شک نەبات و خەونە ڕەنگاوڕەنگەکانی بە خۆشەویستییەوە لە باوەشکا .

ئێ.. من چوزانم قەدەر- برای ڕێکەوتەو، کۆچکردنیش خزمی مردنە، من ئەوانە چۆن بزانم؟

خەونەکانم' لەلای قەرەچێک' شیکردەوە و... دەستی بۆ گرتمەوە، پێی وتم: پیاوێکی کزو دڵشکاوی.. خەمبارو دڵتەنگ دیاری، ڕۆژگار وەک شوشەیەک وردوو خاشی کردوی. قەرەچ ڕۆیی و نامەی بەختمی خستە مستمەوە، ئەو دەیزانی ئەو وڵاتەی بۆی دەفرم دواهەمین هەواری ژیانم بێت.

ئێ .. ژیان خاتوون □من ئەم هەموو شتانە چۆن بزانم؟

من تەنها ئەزانم کەناوم: ئەحمەد کاکەیی بوو، لە تیرەو هۆزو سەر بە یەکێک لە دینەکانی دونیام. ئەو دینەی نیشتیمانێک نەیگرتە خۆی ... بەڵێ لە ئێستادا: ناوم دانیاڵ کاکەیی یەو ئەحمەدم لە پاکستان بەجێ هێشت.

من بە هەتیوی پەروەردەبووم، مەبەستمە پێتی بڵێم: بێ نیشتیمانم و بەڵام، نازانم من بۆ وا هەست دەکەم هەموو شوێنێ نیشتیمانی منە .

لە ئێستادا خەونە هەتیوەکانم ڕەنگی مردویان لێ نیشتوە، کێ دەیزانی کاتێ دەمرم ئاسمانەکەی... (ناشڤێڵیش) دادەکاتە ڕێژنەی بارانی گریان و پێتان دەڵێ ئەو هەتیوە بێ وڵاتە بۆ کوێ دەبەیت؟

هاوڕێکانم دەمخەنە سەر شانیان و سەریان لێ دەشێوێ و ڕەنگە هەندێ دوو دڵ و کوێرە دین و بیر کۆڵیش هەر لەوێ شانیان لەژێر تەرمەکەما بن.. نەزانن بۆ کوێوە بمبەن و ئەم مشتە ئێسک و پروسکە خۆڵە لە کوێدا بنێژن.

ئـــا بیرمان کەوتەوە.. هەندێ دەڵێن:□ گۆڕستانێک پێ شکدەبەین کە جێگەی موسڵمانان و کوردەکانن،

ئەدرەس: Nashville TN

دەمەوێ هەستمەوەو پێتان بڵێم: مەمبەن بۆ ئەو مزگەوتەو ئەو گۆڕستانە! لە بیرتان چوو چییان لە ئێزیدییەکان کرد، ئەوەتانێ تەنانەت لە منی لاشەی خوێن تەزیو و دڵپڕ لە هیوا تۆقیون، واهەست ئەکەم لێم ئەترسن... لە ئێستامدا بە سەرشانەکانتانەوەم و پێتان ئەڵێم: من ناوم دانیاڵ و بە کوڕڕڕڕی کوڕەزای دانیاڵ ئەگەمەوەو دینم کاکەیی یە،

هەواڵ بەر گوێ دەکەوێ ودەگاتە جێ و..

ئەرز ئەرزی موسوڵمانانەو، داعش سەردارو سەروەرە و، پێشەی زەمان ئاسا، دەمە شمشێر زەرد دەکەنەوە و لە ڕق و کینە زیاتر هیچ فێرنەبوون، دڵیان هیچی تیدا جێ نابێتەوە.

نا نا نا ئەوە کفرە و وەچەی کافرێکە و نابێت لێرە بنێژرێت .

ئەی... ژیان و مرۆڤ و بەخشندەیی لە کوێن؟

ئەی ئەوانەی ئێستا خەمم ئەخۆن. پێتان سەیر نەبێت ئەوانەی کە نابن بە مرۆڤ ئەوانەن کە نازنامەی مرۆڤ بوونیان زۆر دەمێکە لێ ونبووە!، ئەوان"لە نازنامەی دین و نەتەوەییەوە لە مرۆڤ بوون دەڕوانن.

ئەوە لە کاتێک دا بوو..مۆڵەتی شۆفێرییەکەی دانیاڵ پێی وتین :

دانیاڵ بەر لەوەی ماڵئاوایی بکات ..هەموو ئەندامەکانی جەستەی خۆی بەخشیبوو بە خەستەخانە و بۆ هەرکەسێ.. گەر بە پارچەیەک لە جەستەی ئەم ژیانی بۆ بگەڕێتەوە. ئێستا - کێ ناڵێ کەسێک لەوانەی فێری خۆشەویستی نەکراون موحتاج بە پارچەیەک لە لەشی ئەم نابێت و جەستەی موسڵمانێک .. موتوربەکەی بەکافرێک پێ ناکەن؟

هاوڕێیەکەی ئەحمەد دیسانەوە بە دڵێکی پڕخەم و تاسەوە بەرەو دەروازەی چیرۆکێکی تری بردم و بۆی گێڕامەوە گوتی:

ئەم گۆی زەویە موڵکی هەمووانە، ئەمریکا وڵاتی پەناهەندەییە، وە هیچ کەس خاوەنی ئەم وڵاتە نییە، ئێرە وڵاتی کەسێکە کە کاری تیدا بکات، وڵاتی کەسانێک کە نی یە بە پارەی مزگەوت و لەژێر ناوی دینەوە ڤیلا بەرەو ئاسمان ئەبەن.

ئەو گۆڕستانەی کە بەشێکە لەخاکی ئەم وڵاتە، موڵکی هەموو مرۆڤەکانی ئەم وڵاتەیە و موسوڵمانانی ئێرەش لەسەری میوانن، بەڵام کارەساتەکە لێرەدایە، ئەوان خۆیان لێ بووە بە خاوەن ماڵ. ئەو گۆڕستانەش کە ویستیان نەبوو ( دانیاڵ کاکەیی ) لێ بنێژرێت هەژماردەی موڵکی شارەوانی یە.

زانیم ئەو ڕوداوە زۆر ئازاری داوە، پرسیارم کرد چییان لە جەنازەکەی کرد ؟ لەوەڵامدا وتی :

ئەگەر دەسەڵات لە بن دەستی ئەمانەدا بووایە، گەر لە سعودیەو ئێران بوایە... وەک لاکێکی بۆگەن کردوو فڕێیان ئەدا هەروەک چۆن لەگەڵ ئێزیدییەکانی شەنگال کردیان.

ئەم کارەساتەی دانیاڵ بە بیری هێنامەوە... کە بە هەمان شێوە کارەساتێکی تری لەمجۆرە لە ئێران لە ئۆردوگای، (خوڕەم ئاباد ڕوویدا) کەسێکمان لەگەڵ بوو (تۆنی) ناوێک کە پیشەکەی پزیشک بووە، مەسیحی بوو، کەسێکی تا ئەوپەڕی بلیمەت بوو لە نوسینی چیرۆک بە زمانی ئینگلیزی، من هۆی سەرگەردانی ئەوم نەدەزانی کە بۆچی گەیشتبووە ئەوێ! ..

لە شەوێکی گڕو گەرمی هاویندا بوو، گوێمان هەڵخست بەدەنگی بانگەوازێکەوە هەموو بیستمان کە (تۆنی) مردووە، گەرچی ئێمەش وەک ئەو هەموو بێ کەس بووین، ئەویش هەر تەنیا ئێمەی هەبوو کە جێگەی کەس وکاری ئەوی بۆ بگرینەوە، پێم وایە ئەویش بەدبەختێک بوو وەکو ئێمە.

کە سپێدەی بەیانی هەڵهات ویستمان وەک دانیالەکەی ئێرە بیبەین بۆ گۆڕستان و بیکەین بەژێر گڵەوە تا ناونیشانێکی پێ بدەین، بەڵام نەخێر... ئەوانیش پیشەی ئەمان ئاسا ڕێگەیان پێ نەداین چونکە، مەسیحی بوو.

هەوڵدانمان سودی نەبوو، لاشەی بێ گیان و مردوی دکتۆر بۆ هەفتەیەک لە کەمپەکەدا مایەوە و تا دەهات زیاتر بۆنی دەکرد.

ڕێژنە سەهۆڵی جەستەیمان دەکرد، هێندە گەرم بوو تەنانەت سەهۆڵیش بەرگەی گەرمی ئەو ڕۆژەی نەدەگرت و لاشەی بێ گیان و ڕاکشاوی بۆگەن کردوی دکتۆر تۆنی کەمپەکەی تەنیبویەوە.

هەروەک چۆن لێرە... لە ئەمریکا کەنیسەک، جەستەی ئەحمەدی گرتە خۆی و ژێر خاکیان نا، هەمان شێوە بەهاوکاری کەنیسەیەک کە لە تارانەوە هاتنبوون تەرمەکەی دکتۆر تۆنیان کرد بەژێر چەند مەترێ لە خاکی غوربەت دا، وەک ئەوەیە گۆڕ ون، ناو ون بۆ هەتایە ون...

ئێستا یەکێک لە ئەهلی مزگەوتەوە، دڵی دانیاڵی کافریان بۆ چاندوە، ئەو دانیاڵەی قەبرستانەکەشیان پێ بەڕەوا نەبینی، ئێستا ئەو لەناو جەستەی موسوڵمانێکدایە و هەموو ڕۆژێ دەچێتە مزگەوت، دڵی دانیاڵ جارجار دڵە کوتەی تێ ئەکەوێ لەوکاتانەی گوێی لە دەنگی فتوایەکەو گۆڕ بۆ دانیاڵەکانی وەک ئەو هەڵدەکەنن.

ئێستا گڵکۆی دانیاڵ لەجێگەی ڕێژنەباران و فرمێسک گوڵبارانی لێ باریوە، هاوڕێیانی دانیاڵ و ئەو کەسانەی نمونەی وەک دانیاڵەکان بیریان کردەوە، سەلماندیان کە ئەوان بە کردەوە پەرێزن لە جیهانی ئیسلامییەت، ئەگەر چی دانیاڵ لەم وڵاتەدا بێ کەس سەری نایەوە، بەڵام کوردە دڵسۆزەکانی ئەم شارە گوێیان لە قوڵەچماغەکانی مزگەوت نەگرت، بە تەنها جێیان نەهێشت وجێی کەس وکاریان بۆ گرتەوە و بەگوڵەوە ماڵئاواییان لێ کرد. بە پێچەوانەی داعشەکانی مزگەوتەوە کە بڕیار ئەدەن، کێ مافی ئەوەی هەیە بژی وکێ مافی ئەوەی نی یە نەژی.

**(ئەمە چیرۆکێکی خەیاڵی نی یە، بەڵکو ڕوداوێکی حەقیقی یە لە شاری ناشڤێڵی ئەمریکا ڕوویداوە، ئامانجی ئەم چیرۆکە خستنەڕووی حەقیقەتی پشتەوەی ماسکەکانە ئەوانەی کە لەهەویەی مەزهەبیی و ڕەنگ و نەتەوەییەوە لە مرۆڤبوون دەڕوانن)**

******



# مەنسور حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری بەپروپاگەندەی درۆ و ساختە ناشکێن!؟

## نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە


هەندێ کەس لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیدا تۆمەت و درۆ بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری هەڵدەبەستن و لە سۆشیال میدیادا هەندێ کەس بەشێوەی پۆست لەسەر کردن و لایڤ و کۆمێنت و گاڵتەجاری هێرش دەکەنە سەر مەنسور حیکمەت ڕابەڕی کۆمۆنیزمی کرێکاری، وە هەروەها هێرش دەکەنە سەر کۆمۆنیستەکان... دیارە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دەسەلاّتی بۆرژوازی سوود لە بەشێکی پرولیتاریا وەردەگرێ بۆ لێدانی پرۆلیتاریا و کۆمۆنیستەکان و ڕابەرەکانیان، ئەو بەشەش بریتییە لە خڵتەی پرۆلیتاریا (حثالة برولیتاریا) وخەڵکی بەڵتەجی. بۆرژوازی ئەم بەشە بەکار دێنێ بۆ کوشتن وتیرۆرکردنی ڕابەرانی کرێکاری و کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان و مرۆڤدۆستان وە هەروەها بۆ سیخوڕی کردن و پروپاگەندەی درۆ وهیچ و بێ ناوەڕۆک و بۆش. من ئەمڕۆ دێمە سەر هەندێ لەو پروپاگەندانە.

١- ئەوان دەڵێن (مەنسور حیکمەت فارسێکی شۆڤینی و ئیتلاعاتی شاە) بووە. لە کاتێکدا مەنسور حیکمەت دەیان وتارو وتەی ڕادیۆی و پاڵتاکی هەیە دژی شۆڤێنیزمی فارس و شاه وسەلتەنەت تەڵەبەکان و ئەوانیش لە دژی مەنسور حیکمەت دونیایەک پروپاگەندەی درۆو پڕو پووچیان کردووە و بەردەوامیش دەیکەن. جمهوری ئیسلامی ئێرانیش دەڵێت مەنسور حیکمەت سیخوڕی ئیسرائیل بوو !.

٢- دەڵێن (مەنسور حیکمەت دژی کورد بووە وە بووەتە هۆی بێ هێزکردنی کۆمەڵەو جیابوونەوەکانی ناو کۆمەڵە) . لە کاتێکدا مەنسور حیکمەت چارەسەری کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەکە بەشێوەی ڕیشەیی بەنوسراو بە وتارو و بەرنامە خستوویەتە بەردەم هەمووان. کەدەڵێ خەڵکی کورد یا دەبێ بەهاووڵاتی یەکسان لە هەر چوار وڵاتدا چاو لێ بکرێن یا جیاببنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێ. سەبارەت بە کۆمەڵەو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران: مەنسورحیکمەت زۆر هەوڵي دا ئەم حیزبە بەهێزبێت لەهەمان کاتدا خاوەن سیاسەت و بەرنامەو تاکتیک و ستراتیجی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕی کرێکاری بێت کەچی کەسانی فیدراڵی پەرست و کوردایەتی پەرستی نزیک لە تاڵەبانی و بارزانی ناو کۆمەڵە ڕێگر بوون لەبەردەمیدا ئیتر بەو ئاکامە گەیشت ئاڵوگۆڕی لەم جۆرە مەحاڵە لە ناو کۆمەڵەدا ڕوو بدات، هاتنە دەرەوەی لەو حیزبە پێ باشتر بوو. مەنسور حیکمەت و یاهەر کەسێکی تر ئازادە بچێتە ناو هەر حیزبێکەوە و وازیش بهێنێ ئەمە مافی سەرەتایی هەر مرۆڤێکە لەدونیا، ئیتر بۆچی ئەمە وەک تاوان چاو لێ بکرێ، ئەو وازی هێنا لە حیزبی کۆمۆنیست وەک تەنها خۆی بوو پاشان کەسانی تر وازیان هێنا. جیابوونەوەکانی ناو کۆمەڵە و شەڕو لەیەکتر کوشتنیان لەم ساڵانەی دوایدا ئەو ڕاستیەی سەلماند کە مەنسورحیکمەت هەرچی وت لەسەر موهتەدی و ئیلخانی زادەو ورەوتی ناسیۆنالیستی و کوردایەتی ناو کۆمەڵە هەمووی واقعی ودروست بوون. ئەوەش بڵێم ئەگەر مەنسور حیکمەت بە هۆکاری جیابوونەوەکانی ناو کۆمەڵە دەزانن ئەی جیابوونەوەکانی ناو پارتی لەشەستەکان و هەشتایەکاندا و ئەی جیابوونەوەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی و حیزبی دیمۆکرات و پ ک ک بەهۆکاری کێ دەزانن؟ کوا مەنسور حیکمەت لەناو ئەواندا نەبوو!

٣-دەڵێن (ئێوە کۆمۆنیستەکان دژی سەرمایەدارین ئەی بۆچی پەنادەبەن بۆ وڵاتانی سەرمایەداری و لەوێ دەژین ئەی بۆ ناچن بۆ ڕوسیا و چین و کۆریای باکورو کوبا !) ئەوانەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیان هەیە جاهیلن لە بەرانبەر کۆمەڵگەی چینایەتی و ململانێی چینە دژ بەیەکەکان وە دەیانەوێ ئەو ڕاستیە پەردە پۆش بکەن کە لەنەبەردە چینایەتیەکاندا سەرکەوتن و شکست و دەسکەوت هەیە.. گەلێک دەسکەوت وەک مافی پەنابەری و بیمە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکان و مافی مانگرتن و خۆپیشاندان و ئازادی سیاسی و بیروڕا بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکارو ئازادیخوازان و چەپ و سکیولارو کۆمۆنیستەکانی کۆمەڵگەکانی سەرمایەداریە، نەک لە چاکەی سیستەمی سەرمایەداری. سەرمایەداری بەهۆی قازانج پەرستی و خۆپەرستی یەوە پێی باش نییە هیچ مافێک بە مرۆڤ بدات. ئێستایش نەک تەنها کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و عێراق و کوردستان، بەڵکو هێزی ملیۆنی چینی کرێکارو خەلکی چەپ و کۆمۆنیستی دانیشتووی ئەم وڵاتانە لەدژی دەسەلاّتی سەرمایەداری وڵاتەکانی خۆیان تێکوشان دەکەن بۆ دەسکەوتی زیاتر و مافی زیاتر و تەنانەت بۆ ڕووخانی دەسەلاّتیش و بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و ئازاد. ئێمەیش وەک کۆمۆنیزمی کرێکاری و وەک مەنسور حیکمەت وەک مارکس و وەک لینین هەر لە ناودڵی ئەم کۆمەڵگەیانەدا لەم پێناوەدا دەجەنگین. ئەو کەسانە لەوەش تێ ناگەن کە کوردستان و ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستیش هەر سەرمایەدارییە کە خەڵک لەدەستیان هەڵدێت و کۆچ دەکات، بەلاّم لەوێدا کەمترین دەسکەوتی ئینسانی نییە و بەهۆی ناهۆشیاری کۆمەڵگەکان و ئابوری دواکەوتوو وە هیچ ڕێنسانس و شۆڕشێکی پیشەسازی لەوێدا ڕووی نەداوە بۆیە ئایین و نەتەوەپەرستی بوونەتە گەورەترین کۆسپ و ڕێگر لەبەردەم بەدیهێنانی دەسکەوتی باش بۆ بزووتنەوە کرێکاری و کۆمۆنیستیەکان. کەدیارە ئەم کەسانە خۆیان بەشێکن لە هۆکاری ئەم دواکەوتوویی و ناهۆشیاریەی خەڵک، چونکە یا لەپشتی نەتەوەپەرستیەوەن یا لەپشتی ئایینەوەن. سەرمایەداری لەم کۆمەڵگەیانەدا زیاتر دیکتاتۆری ئاشکرایە، بەلاّم لە ئەورووپا لە ژێر پەردەی دیموکراتی و بازاڕی ئازادە. ئەو وڵاتانەی تا ئێستا بە سۆشیالیستی ناسراون بەشێکیان سەر بەم جۆرە سەرمایەداریەن وەک کۆریای باکور وچین و کوبا، بەلاّم وڵاتێکی وەک ڕووسیا سەر بە بازاڕی ئازادە خۆشی ناڵێت کە سۆشیالیستیە. کەچی ئەم کەسە دواکوتووانە هەر درۆی سۆشیالیست بوونی ئەم وڵاتانە بە گوێی خەڵکیدا دەدەن، تا بڵێن سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم ناشرینەو خراپە و هتد. من خۆم لە ساڵی هەشتاکانەوە کۆمۆنیستم هیچ باوەرم بە سۆشیالیست بوونی ئەو وڵاتانە نەبووە باوەرم وابووە تەنها دوو شۆڕشی سۆشیالیستی بووە یەکەمیان کۆمۆنەی پاریس و دووەمیان شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیا، بەلاّم لەساڵی ١٩٢٤ وە هیچ وڵاتێک وەک سۆشیالیزم نەماوە هەمووی سەرمایەدارییە. لە بەشێکی ئەم وڵاتانە مافی پەنابەری هەبووە، بەلاّم بەهۆی پاشەکشەی خەباتی چینایەتی کرێکاریەوە ئەم مافەش پاشەکشەی پێکراوە، بەلاّم لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا ئەم خەباتە بەردەوامە بۆیە مافی پەنابەریش بەردەوامە.

٤- پێمان دەڵێن (ئێوە هیچ نین مەنجەڵێ یاپراخ بەشتان ئەکات) لە کاتێکا ئێمە بەشی ڕێکخراوی ئەو چینە کۆمەڵایەتیەین کە لەسەر ئاستی کوردستان ملیۆنەها کەس دەبێ لە ئاستی جیهانیش چەندین ملیارە. ئێمە و هەموو ئەوانەی کەخوازیاری یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی وخۆشگوزەرانی و ئازادی و سییکۆلاریزمین سەر بەیەک هێزی کۆمەلایەتین. ئێمە بە ژمارە کەمین کە ڕێکخراوبین لە حیزبدا، بەلاّم خاوەنی گەورەترین هێزی کۆمەلاّیەتین کە لە ٩٩٪ ی کۆمەڵگەیە. ئێمە لە هەموو مەیدانێکی خەباتی چینایەتی و ئازادیخوازی وسیکۆلاریزدا بوونمان هەیە و چالاکین تێدا لە مەیدانی کرێکاران و زەحەمتکێشان و مامۆستایان و خوێندکاران و ژنان و لەدەرەوەش لە مەیدانی پەنابەران و تۆڕی هاوکاری کۆمەلاّیەتی بوونمان هەیە و چالاکین. وە ئەتوانم بڵێم لە دەرەوەی وڵات بەهێزترین ئۆپۆزسیۆنی دەسەلاّتی هەرێمین لە چەندین وڵاتی وەک بەریتانیا، کەنەدا، سوید، ئەڵمانیا، سویسرا، فنلندا، دانیمارک،ئۆستراليا، نەرویچ، هۆڵەندا...تاد، ڕێکخستنی حیزبمان هەیە خۆپیشاندان لەبەردەم نوسینگەی هەرێم و سەفارەتی عێراقی وتەنانەت سەفارەتی ئێران و تورکیاش ئەنجام دەدەین. لە ناوەوەی کوردستانیش لەشارەکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و ناوچەی پشدەر و گەرمیان ڕێکخستن و کۆمیتەی حیزبیمان هەیە، لەهەموو ئەم مەیدانانەدا کادیران و ئەندامان و دۆستانی حیزبی ئێمە چالاکن هەر لەبەرئەمەشە حیزبەکانی کوردایەتی لێمان توورەن و ماوەیەکە جووڵەیان بە بندیوارەکانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان کردووە کە پروپاگەندەی چەواشەکاریانە و تۆمەت و درۆ لە دژمان ئەنجام بدەن. لایەنێکی تر ئەوەیە ئایا وتنی ڕاستییەکان پێوەرە بۆ بەرهەق بوونی ئێمە یا ژمارەی زۆری ئەندامان؟. ئەگەر بە ژمارەی زۆر بێت ئەبێ پارتی زیاتر لە هەموو حیزبەکانی تری کوردستان لەسەر هەق بێ و باشترین حیزب بێ. هەر لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەوانەی باسی ژمارە دەکەن هیچ ڕاستیەک لە پروپاگەندەیان نییە. من گەورەبوونی حیزبم پێ باشە بۆ ئەوەی دەسکەوت و مافەکان زیاتر بۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەدەست بێنێ، وە بۆ ئەوەی دەسەلاّت بگرێتە دەست. ئەمەش کاری جیدی دەوێ و ئێستا ئێمە خەریکی ئەو کارەین، بەلاّم بۆ ئەوەی لەسەر هەقین یا نا ژمارەو هێزی ڕێکخراوەیی گرنگ نییە. مارکس لەسەر هەق بوو بەلاّم تاکە کەسێک بوو ئێستا بە ملیاران کەس هەیە. مارکس لەسەر هەق دەزانێ تەنانەت ژمارەیەک لەوانە بیرمەندانی بۆرژوازیشن. لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم مەنسور حیکمەت بە پروپاگەندەی ساختەو درۆ ناشکێت چونکە تەمەنی ساختەو درۆ درێژ نییە و ئەوە بۆ رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریش هەر ڕاستە، بۆ سەلماندنی ئەمەش خەڵکێک کە گومانی هەیە دەتوانێ بەڵگەنامەکان و دۆکیۆمێنتەکان و بەرنامەو نامیلکەو کتێبەکان ببینن و گوێ بگرن لە وتارە ڕادیۆیە.........



# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

## ئەمنییەتی ئاژیتاتۆر

**بەشی دوانزەهەم**

> توانای چینی کرێکار لە ڕێکخراوبوونیدایە. ئەمە حوکمێکی سەرەتایی خەباتی چینایەتیی کرێکارانە. بەڵام سەبارەت بە هەر کرێکارێکی خەباتگێڕ تاکیش ئەم حوکمە ڕاستە. ڕێکخراوبوون ئەگەر ڕێکخراوێکی پرۆلیتاری بێ، هێز بە کرێکاری خەباتکار دەبەخشێت، پشتبەخۆبەستوویی ئەو زیاد دەکات، وره و چاونەترسی و دڵنیایی ئەو لە سەرەنجامی کارەکەی دەکاتە دەیان جار...

**ئەمنییەتی ئاژیتاتۆر**
گرنگترین مەسەلە لە ئەمنییەتی ئاژیتاتۆری کۆمۆنیستیدا پەیوەندییەکە، کە وەک ڕابەر لەگەڵ جەماوەری کرێکاراندا پێکی دەهێنێ. بەدەستهێنانی پشتگیریی چالاکانەی جەماوەری کرێکار لە خۆی و پشتبەستن بە ئیرادە و بڕیارەکانی دەستەجەمعی ئەوان، بەشداریکردنی کرێکاران لە هەموو ئاستەکانی خەباتی نارەزایەتی و پشتبەستن بە پشتیوانی توانای جەماوەر. ئەمە حەیاتیترین سەرمایەی ئاژیتاتۆرە لە مەیدانی پاراستنی ئەمنییەتی خۆی لە ڕەوتی ڕابەریی خەباتی نارەزایەتی و هەروەها لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەیدا لەگەڵ کرێکاران. دوژمن هەر چەندەش، کە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە سێبەری داپڵۆسین و سەرکوت بەرفراوان بکات، ناتوانێ بە ئاسانی دەست بۆ ڕابەرانی کرێکاران درێژ بکات، بۆ ئەو کەسانەی کە لەناو دڵی جەماوەری کرێکاراندا جێگایان هەیە و نوێنەری شایستە و ناسراوی ئەوانن.

ئەمنییەتی ئاژیتاتۆر لە ڕەوتی هەڵسووڕاندا وەکوو یەک ئاژیتاتۆر، لە بنچینەدا دەبێ لەم ڕێگەیەوە دابین بکرێ. بەڵام مەرجی پێویست بۆ ئەم کارە لەم هەلومەرجەدا ئەوەیە، کە پۆلیسی سیاسی نەتوانێ پەی بە لایەنگریی ڕێکخراوەیی و پەیوەندییە عەمەلییەکانی ئاژیتاتۆر و ڕێکخراو بەرێ. لە فیکر و پەروەندەکانی پۆلیسدا هاوڕێی ئاژیتاتۆری ئێمە دەبێ لانی زۆر وەکوو کرێکارێکی هەڵسووڕاو و خەباتگێڕ دەربکەوێت، کە لەبەرامبەر زۆرداریی دەوڵەت و خاوەنکاردا سەر دانانەوێنێ و بەرگری لە مافی کرێکاران دەکات. بەڵام پەیوەندیی ڕێکخراوەیی بە هیچ ڕەوتێکەوە نییە. ئەمە خاڵێکی بەهێزی ئاژیتاتۆرە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پۆلیسی سیاسیدا. ئەوە دەبێ پەیوەندیی ڕێکخراوەیشی لە گۆشەیەک دوور لە دەستپێڕاگەیشتنی فیکری خۆی بپارێزێ و بە شێوەیەکی جیدی دەروونناسیی ڕابەرێکی جەماوەری، کرێکارێکی نارەزا، نارازییەکی جوامێر، واتە بەشێک لەوەی کە بە واقیعی هەیە بگرێتە خۆ. بە هەر ئەندازە پەیوەندیی ڕێکخراوەیی پشتی بە پەیوەندیی سروشتیی جێکەوتووتر بەستبێت، ئاژیتاتۆر لەڕووی ورە و عەمەلییەوە لەبەرامبەر پۆلیسی سیاسیدا لە مەوقیعەتێکی بەهێزتردا دەبێ.

لەم ڕوانگەیەوە دەبێ کۆمەڵە خاڵێکی تر بە شێوەیەکی جیدی لەبەرچاو بگرین. نابێ پۆلیس بتوانێ لە لای موبەلیغی حیزبی بەڵگەنامە و بڵاوکراوەکانی ڕێکخراو یان تەنانەت بڵاوکراوەی عەلەنیش پەیدا بکات. پەروەندەکەی دەبێ بە تەواوی لە بەڵگەنامە و بڵاوکراوە "پاک" بێت. ئاژیتاتۆر جگە لە ئەنجامدانی کاری ئاژیتاتۆر، نابێ هیچ کاری تری حیزبی هەبێ. نابێ لە چاپ و دابەشکردنی بڵاوکراوەکان، گواستنەوە، گوێزانەوەی بەڵگەنامە، کۆکردنەوەی کۆمەکی ماڵی بە ناوی حیزبەوە، لە ڕاکێشانی کەسانی تازە بۆ حیزب (بە شێوەی ڕاستەوخۆ) هاوبەشی بکات، ئاژیتاتۆر دەبێ ئەرکی تایبەتی خۆی ئەنجام بدات.

ئەمە ئەرکی شانەی نهێنی و ئەڵقەکان و تۆڕەکانی دەوروبەری شانەن، کە هەڵسووڕانە ڕۆتینییەکانی شانە لەسەر زەمینەیەکی باشتر گەشە پێ بدەن، کە لە ئەنجامی هەڵسووڕانی هاوڕێی ئاژیتاتۆر دێتەکایەوە. لە هەلومەرجی ئێستادا، پێناسی ئاژیتاتۆری حیزبی و لایەنگریی ئەو بۆ حیزب، کەسێک جگە لە هاوڕێی مورەوێج نابێ بیزانێ (دەبێ حیساب و کیتابی تایبەتیی نێوان هاوڕێی ئاژیتاتۆر لەگەڵ ناوەندی لیژنەی ڕێکخراوەیی سەر بە حیزب پێک بێت، تا لە کاتی پچڕانی پەیوەندی ئەو لەگەڵ هاوڕێی مورەوێج، پەیوەندی ئاژیتاتۆر لەگەڵ شانە بە شێوەی پێویست سەرلەنوێ لە لیژنەی ڕێکخراوەییەکەوە بگەیەنرێتەوە). بە کورتی وزەیەکی زۆر دەبێ بخرێتە گەڕ، تا ئاژیتاتۆر بتوانێ لە ئەمنییەتییەکی تەواودا چالاکی بنوێنێ. ئەم خاڵەش زیاد دەکەم، کە پاراستنی هاوڕێی مورەوێجیش زۆر حەیاتییە. هەم بەهای فەردی ئەو وەکوو کادرێکی کۆمۆنیست و هەم ڕۆڵێکی هەستیار کە لەم نێوەدا لە ئەستۆیدایە، وا پێویست دەکات کە ئەگەرچی بە قەدەر ئاژیتاتۆر ڕاستەوخۆ گیرۆدەی زەربەکانی کاتی ڕوودانی ئاکسیۆن نییە، بەڵام دەبێ لانی زۆری ئیمکانات بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ئەو تەرخان بکرێ. هەروەها لە کاتی ڕوودانی هەر مەترسییەکی پۆلیسیی بۆ سەرشانەکە، مورەوێجیش لەگەڵیدا تێوە بگلێ، دەبێ خێرا ئاگادار بکرێتەوە و ئیمکاناتی پێویستیش بۆ پاراستنی ئەمنییەتی فەردی ئەو بێتە کایەوە. گەیاندنی بڵاوکراوەکان بەدەستی هاوڕێی مورەوێج، وەرگرتنی ڕاپۆرتەکانی ئەو دانیشتنانە کە ئەو تیایاندا بەشداری دەکات، دەبێ لە ڕادەیەکی ئەمنییەتی زۆر باڵادا ڕێک بخرێت.

**٢) کار لەگەڵ خاوەن ئامادەییە نوێکاندا**

ئەگەر ڕابەرانی جێگرتووی کرێکاری لە یەک پرۆسەی فێربوون و بارهێنانی ڕەخنەگرانەدا لە حیزبی کۆمۆنیست نزیک دەبنەوە، خاوەن ئامادەییە نوێکان و ڕابەرە گەنجترەکان زۆرتر پێویستییان بە فێربوون و بارهاتنیئیسپاتییانەی مارکسیزم و شێوازە عەمەلییەکانی ڕابەری کرێکاری هەیە. کاری فێرکردن و بارهێنان و کێشکردنی ئەم دەستەیە لە کرێکاران، دەبێ هەر لە سەرەتاوە لە لایەن هاوڕێیانێکەوە ئەنجام بدرێ، کە لە هەمان شوێنی کار و ژیاندا ئامادەییان هەیە. ئەم هاوڕێیانەن کە دەبێ لیهاتوویی و ئامادەیی کرێکارانێک، کە دەتوانن ببنە ڕابەری عەمەلیی خەباتگێڕ، دیاری بکەن و هەر خۆیانن کە قوناغە سەرەتاییەکانی ئەم پرۆسەیە بەرەو پێش دەبەن. هەر هاوڕێیەکی حیزبی لە کارگە و گەڕەک دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ چەند کرێکاری لیهاتوو خاوەن ئامادەیی هەبێ و بە شێوەیەکی هەمیشەیی مەسەلەی هۆشیارکردنەوە و فێرکردن لە نێویاندا بەرەو پێش بەرێت. بەشێکی گرنگی ئەم فێرکردنە، فێرکردنێکی عەمەلی و ئەزموونگەرییە. پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆر یەک پرۆسەی تا ڕادەیەک دوور و درێژە. هاوڕێی کرێکار دەبێ هەموو هونەری ئاژیتاسیۆن فیر بێ، وە بەمپێیە وەکوو هەر بەشێکی زانستی و هونەری دیکە دەبێ قوناغی جۆراوجۆر ببڕێت. فێری کار بێت، لە کاری سادەوە بۆ کاری ئاڵۆز بچێ.

ئاژیتاسیۆن تەنها ئازایەتیی نارەزایەتیکردن و بانگەوازکردنی کەسانی تر بۆ نارەزایەتی نییە، بەڵکە شێوە ڕێکخستن و ڕابەریکردنی جەماوەری کرێکارانیشە بە شێوەی ئاشکرا و نیمچە ئاشکرا. ئەوەی، کە ئاژیتاتۆری تازەکار دەبێ لەڕووی تیۆرییەوە فێری ببێ، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەودا نییە، کە هەر ئێستا لە ئەڵقە تەرویجییەکاندا جێگەی باس و لێکۆڵینەوەیە. بەڵام لەڕووی عەمەلییەوە ئەم مەسەلەیە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. هیچ کەسێک ناتوانێ لە ڕۆژی یەکەمەوە لە ڕیزی پێشەوەی مانگرتنێکدا ڕابوەستێ و هەموو لایەنەکانی بە تەواوەتی ڕابەریی بکات. تاکەکەس دەبێ لەپێشدا فێری کارکردن لەگەڵ جەماوەری کرێکاران لە ئاستی جۆراوجۆردا بووبێت و پێداویستییەکانی ڕابەرایەتی هەنگاونانی نارەزایەتیکردن بناسێت، دەورەی کار و فێربوون بە مانای واقیعی وشەکە دەورەی فێربوونە. دەورەیەکە بە "پرۆژەکان" و ڕاهێنانەکان و دەرسەکانییەوە. هاوڕێی مورەوێجی ئێمە دەبێ بە شێوەیەکی هۆشیارانە ئاژیتاتۆری تازەکار بخاتە ئەم تاقیکردنەوانەوە (ئەڵقە "خوبەخۆیی"یەکانی کرێکارانی پێشڕەو هەر ئێستا ئەم ڕەوشتە لە فێرکردنی کرێکارە خاوەن ئامادەییە نوێیەکاندا بەکار دەهێنن).

بۆ نموونە کێشە و هەرا شەخسییەکان، پەیوەندیی نێوان بەشێک لە کرێکارانی سارد و ناهاوڕێیانە لێکردووە، ئایا تازەکاری ئێمە دەتوانێ بە قسەکردن و بەڵگەهێنانەوە و ڕوونکردنەوەی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی کرێکاران ئەم جیاوازییانە لەنێو بەرێ و بار و دۆخێکی هاوڕێیانە پێک بهێنێ؟ کرێکارێک لە کاتی کارکردندا زیانبار دەبێ و لە کار دەکەوێ، ئایا تازەکاری ئێمە دەتوانێ کارێک بکات، کە کرێکاران بە شێوەی کۆڕ و کۆمەڵ و بە دەست لە کار کێشانەوە بچنە لای و سەر لە خێزانەکەی بدەن و بۆ وەرگرتنی تەعویز گوشار بۆ خاوەنکار بێنن؟ ئایا تازەکاری ئێمە دەتوانێ سندوقێکی یارمەتی بۆ خێزانی ئەو هاوڕێ کرێکارەی کە لەکار کەوتووە ڕێک بخات؟ بۆ پشتگیریکردن لە کرێکارێکی خەباتگێڕی زیندانی چی دەکات؟ ئایا تازەکاری ئێمە دەتوانێ کارێ بکات، کە کرێکارانی ئەم یان ئەو بەشە، فڵانە ئەندامی ئەنجومەنی ئیسلامی کە دەستی بە تۆقاندنی کرێکاران کردووە بەپێی یەک بەرنامەی حیسابکراو پاشەکشە پێ بکەن؟

ئەم تەجروبانە زۆرن و لە ژیانی هەموو ڕۆژەی کرێکاراندا چەند جار دێتە بەردەم هەموو کرێکارێکی هۆشیار و خەباتگێڕ. لەم پرۆسەیەدا ئاژیتاتۆر بە قووڵی لەگەڵ مەسەلەکانی کرێکاران، توانای ئەوان، شێوە جیاوازەکانی ڕێکخستنیان، ئەو هۆکارانەی کە ئازایەتییان پێ دەبەخشێ یان نیگەرانیان دەکات، دەروونناسیی جەماوەری کرێکاران ... هتد. ئاشنا دەبێ، ئەمانە هەموویان پێداویستییەکانی بوون بە ڕابەری عەمەلیی کرێکارانن.

لەڕووی عەمەلییەوە سەردەمی ئامادەکردن و کێشکردن دەبێ لەژێر چاودێری هاوڕێیەکی مورەویجی حیزبیدا ببرێتە پێش. بەو ڕادەیەی کە هۆشیاری و ئەزموونی ئاژیتاتۆری داهاتووی ئێمە زیاد بکات، بە هەمان ڕادەش لەڕووی عەمەلییەوە لە حیزب نزیک دەبێتەوە. ئەم هۆشیاری و ئامادەییە دەبێ بە ڕادەیەکی وا بچێتە سەر، کە ئاژیتاتۆر خۆی خوازیاری کاری جیددی و ڕاستەوخۆ لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامەتی لە حیزبدا بێت.

کاتێک، کە ئاژیتاتۆر جێگەی خۆی وەکوو کۆمۆنیستێک لە حیزبدا و وەک ڕابەرێک لە پێشەوەی کرێکارانەوە بەدەست بێنێ، مەسەلە عەمەلییەکانی ڕێکخستنی ئەو جۆرێک دەبێ، کە پێشووتر باسمان کرد. هەروەها پەروەردەکردنی ئاژیتاتۆر هەر لە قۆناغەکانی سەرەتاوە بە مانای ئەوە دەبێ، کە بەرەبەرە پەیوەندیی سروشتیی پتەو لە نێوان ئەو و مورەویج، وە یان مورەویجەکانی حیزبدا پێک هاتووە، هاوڕێیەتی کۆن و پشت پێ بەستراو دروست بووە و مورەویج و ئاژیتاتۆر بە قووڵی ئیمکانات و کەسایەتیی فەردی یەکتر دەناسن. ئەمە کە خۆی یەکێکە لە پێکهێنەرەکان و نیشانەکانی جەماوەریبوونی شانە بنەڕەتییەکان لەنێو کرێکاراندا، دەستی ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێکخستنی گونجاوی پەیوەندیی ڕێکخراوەیی نهێنی لەگەڵ ئاژیتاتۆری عەلەنیکاردا ئاوەڵا دەکات.

**درێژەی هەیە....**



## ستاری چیمەنتۆ: ئەمجارەیان دابەشکردنەوەی جیهان و دروستکردنەوەی سنوورەکان و دابڕینی مرۆڤەکان لەیەکتری، هەڵچنینی دووبارەی دیوارەکانی بەرلین نییە تەنها لەسەر زەویەوە بەرەو ئاسمان، بەڵکو بەڕۆداچوونی ئەو دیوارانەیە بەقووڵایی زەویشدا..!

## دیمانە لەگەل هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست ستار حەمە عەلی ناسراو بە " ستاری چیمەنتۆ" سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری گوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی...

**بەشی یەکەم**

**بۆپێشەوە: شکستی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ پیکهێنانی دنیای تاک جەمسەری و پێگرتنی قوتبی روسی و چینی و قوتبی تر... ریشەی لە چ دۆخیکی جیهانیدایە و چ کاریگەرییەک لە ئاستی دنیادا بەدوای خۆیدا دەهێنێت؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** دنیای تاک جەمسەری، بەدوای شکستی ئابووری و سیاسی سەرمایەداری دەوڵەتیی یەکێتیی سۆڤیەت و ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و هەڵوەشانەوەی (پەیمانی وارشۆ) لەسەردەستی ئەورووپا و ئەمریکادا نزیک بە دوو دەهە وە یان کەمێک زیاتر، لەلایەن ئامریکا و ئەورووپاوە هات و هاواری بۆکرا و وتیان "کۆمونیزم " تێکشکا ..! هەروەها ڕایانگەیاند، کە تاکە هێزی ئەبەدی دنیا، بۆ "ئازادی ودیموکراسی"، سیستەمی سەرمایەداری و دیموکراتی ئامریکایە وهەر ئێمەین ڕزگارکەری مرۆڤایەتی!!

بەڵام هەر زۆر بەزوویی ئەم هات وهاوارە لەڕیشەوە پووچ مایە و بێ ناوەرۆک دەرچوو، چونکە لەهەمان ئەو کاتەوە هێزە ئابووریە زەبەلاحەکانی تری جیهان دەرکەوتن و وردە وردە زۆرێک لە بازاڕەکانی دنیایان داگیرکرد .

چین، بەرازیل و هیندستان و تەنانەت خودی ڕوسیاش لە بەرانبەرکێی ئابووری و سیاسیی ئامریکا و ئەورووپای ڕۆژاوادا، لەگەشەی بەردەوامدا بوون...

لەونێوەدا تایبەتتر لەساڵی 2006 ـەوە هاوپەیمانیەکی ئابووری نوێ بەناوی BRIC Sلەبەرانبەر هاوپەیمانی G7دا لەلایەن بەرازیل ڕووسیا هیندستان و چین وە دواتریش ئەفریقای باشوور پێکهێنرا و هەروەها لە ساڵی 2014 ـەوە بانکی دارایی نێودەوڵەتی گەشەپێدان NDPـیان بەئامانجی قەرز ویارمەتیپێدانی هەر وڵاتێک کە زۆر پێویستی بێت( واتا ڕاستەقینەکەی ملکەچ پێکردنی ئەو وڵاتانە، دامەزراند، کەئەمەش دەکاتە کێبڕکێیەکی ئاشکرای تاک جەمسەریی ئامریکا و دەرکەوتنی سەرەتاکانی تێکشکانی ئەو تاک جەمسەریە.

لەباری سیاسی و سەربازییەوە هەمیشە ئەوهێزانە، لەپەیوەندیدا بوون لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی سەرووی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئافریقای باشوور ئێران، سعوودیە، میصر، سوریا و لوبنان، وچەندین وڵاتی تر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری و هەیمەنە و دەسەڵاتی ئەواندا بوون، لەکاتێکدا ئامریکا وئەورووپا هەمیشە لەهەوڵی لەدەستنەدانی ئەو بازاڕانەدا بوون!!.

## کاریگەریەکانی ئەم کێبڕکێیە و شکستی تاک جەمسەریی ئامریکا، سەرهەڵدانی دنیای چەند قوتبی، بەبێ گومان، هەم لەڕووی ئابووری و هەر لەڕووی سیاسی و بەرتەسکبوونەوەی ئازادییەکان، کاریگەری زۆر نەرێنی و دژ بە زۆربەی خەڵکی هەیە...

کاریگەریەکانی ئەم کێبڕکێیە وشکستی تاک جەمسەریی ئامریکا، سەرهەڵدانی دنیای چەند قوتبی، بەبێ گومان، هەم لەڕووی ئابووری و هەر لەڕووی سیاسی و بەرتەسکبوونەوەی ئازادییەکان، کاریگەری زۆر نەرێنی ودژ بە زۆربەی خەڵکی هەیە... خەڵکی جیهان زیاد لە پانزە ساڵە و بەتایبەت لە دوای قەیرانی دارایی 2008 ی بانکەکانی جیهان، بەتایبەت ئامریکا و درێژبوونەوەو فراوانبوونەوەی ئەو قەیرانە بۆ قەیرانی گشتیی ئابووریی سەرمایە و بەرزبوونەوەی هەڵاوسانی دارایی و کۆبوونەوەی سەرمایە لە دەستی ژمارەیەکی کەمتری سەرمایەداران.

هەروەها بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لەساڵی 2020دا بەهانەیەکی بەهێزی تر ۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکان) بەتایبەت داوودەرمان) بۆ کەڵکەکردنی زیاتری سەرمایە..!


هەموو ئەم کێشە جیهانیە ئابووریانەی سەرمایە دەکاتە بێکارکردن، برسیکردنی ملیۆنەها خەڵک، لێسەندنەوەی زیاتری خزمەتگوزارییەکان لە خوێندن، خەستەخانە، پەروەردە، هاتوچۆ و هۆکارەکانی ڕێگاوبان، خزمەتی پیر، دابینکردنی پێداویستیەکانی منداڵان، شەڕ و ئاوارەیی ودەبەدەری، و زۆر زۆری تر، تا کار گەیشتووەتە ئەوەی قێزەونترین و دڕندەترین میلیشیا و چەکدارانی خەلافەتخوازی داعشی پشتیوانی بکرێن وجینۆساید بخوڵقێنن..!

هێزە ڕاسیستی و نازی وفاشیستیەکانی دەورانی نەوەد ساڵ لەمەوبەرەوە، نەک هەربێنەوە مەیدانی سیاسی، بەڵکو بگەنەوە دەسەڵات..!! ئەمانە و زۆر نەهامەتی تریش جەوهەری ئەو کارەسات و کاریگەریانەن، کە لەئاکامی ئەم کێبڕکێی بازاڕی سەرمایە و شەڕی بەجەمسەربوونەوە سەریان هەڵداوە..

## هەموو ئەم کێشە جیهانیە ئابووریانەی سەرمایە دەکاتە بێکارکردن، برسیکردنی ملیۆنەها خەڵك، لێسەندنەوەی زیاتری خزمەتگوزارییەکان لە خوێندن، خەستەخانە، پەروەردە، هاتوچۆ و هۆکارەکانی ڕێگاوبان، خزمەتی پیر، دابینکردنی پێداویستیەکانی منداڵان، شەڕ و ئاوارەیی ودەبەدەری، و زۆر زۆری تر، تا کار گەیشتووەتە ئەوەی قێزەونترین و دڕندەترین میلیشیا و چەکدارانی خەلافەتخوازی داعشی پشتیوانی بکرێن وجینۆساید بخوڵقێنن..!

**بۆپێشەوە: شکستی ئەمریکا لە پیکهێنانی دنیای یەک قوتبی و پیکهاتنی دنیای چەند قوتبی، چ کاریگەرییەکی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە هەیە؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** پرسیارێک کە پەیوەندە بە کاریگەری شکستی تاک چەمسەری ئامریکا وپێکهاتنی دنیای چەند قوتبی، لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.



من دەڵێم، ئەو ناوچەیە لەلایەک بەشێکە لە هۆکاری شکست پێهێنانی دنیای تاک جەمسەری، لەهەمان کاتیشدا دووبارەش ئەو شکستە کاریگەریی جیددی دەبێت لەئاڵوگۆڕی هەمەلایەنە لەسەر ناوچەکە.!

جێگیربوونی هێزەکانی ڕووسیا و ئێران لەپێناو ڕێگرتن لەکەوتنی ڕژێمەکەی ئەسەد لەلایەک وپشتیوانیکردنی ئامریکا لە هێزە کوردییەکان و ناردنی هێزی سەربازی بۆ ناو خاکی سوریا بە بەهانەی لێدان لە داعش وداگیرکردنی چەند ناوچەیەکی سەرچاوە نەوتییەکان، ئەمانە هەمووی لە ڕێچکەی ئەو هەوڵانەدایە بۆدابەش بوونەوەیەی جیهان بەسەر قوتبەکاندا..!

کاریگەریەکانی ئەم کێشمەکێش وکێبەڕکێ خوێناویە، بێگومان پێش هەر شتێک لەسەر خودی ملیۆنەها خەڵکی سڤیلی ناوچەکە دەبێت.! کوشتاری دەیان و سەدان هەزار لەخەڵکی، تەختکردنی دەیان شاری گەورەی جێنشین لەگەڵ زەوی، بێخانەولانەبوون و ئاوارەیی ملیۆنەها، بێبەش بوونی سەدان هەزار منداڵ نەک هەر لە خوێندن وپەروەردە، بەڵکو لە تیکەی نان و قومێک شیر..!! کۆی ئەمانەش یانی بێهیوابوون ناچارکردنی ئەو خەڵکە تەنیا لەپێناو ژیان و مانەوەی خۆی و منداڵەکەیدا، تەسلیم بە هەر هێز و لایەنێکی دەسەڵاتدار ببێت، تەنانەت ئەگەر زۆ چاکیش بزانێت، کە هەر ئەو هێزە بوو کە دوێنێ ماڵەکەی ئەوی لەگەڵ زەوی تەخت کردوو کەسە ئازیزەکانیشی لەنێوبردن..!!

جگە لەوەش ئەمجارەیان دابەشکردنەوەی جیهان و دروستکردنەوەی سنوورەکان و دابڕینی مرۆڤەکان لەیەکتری، هەڵچنینی دووبارەی دیوارەکانی بەرلین نییە تەنها لەسەر زەویەوە بەرەو ئاسمان، بەڵکو بەڕۆداچوونی ئەو دیوارانەیە بەقووڵایی زەویشدا..!

**بۆپێشەوە: ناکامی سیاسەتەکانی ئەمریکا و غەرب... لە ئاستی دنیا و رۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی عێراق و کوردستان هەیە؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** عێراق نەک هەر

لەسەردەمی داگیرکاری ئامریکاوە لە 2003دا، بەڵکو لە ئازاری نەوەدو یەکی سەدەی ڕابردووەوە لەکوردستان و تا ئێستاش، لە قووڵایی هەمان ئەو دۆخە ناجێگیر پڕ لە کێشمەکێشەدایە کەلەسەرەوە باسمکردن.

ڕاستە بەکردەوە هێزی سەربازیی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی داگیرکارییەکەیان ڕاگەیاند و تا ئێستاش هێزەکانیان بوونی هەیە، بەڵام هەرگیز( ئێران بەپشتیوانی ڕوسیاو دەوڵەتی فاشیستی تورکیا)، وەک دوو جەمسەری ناوچەیی، بۆ یەک چرکەش هەروەک ئامریکاو هاوپەیمانەکانی، لەو دۆخە غافڵ نەبوون وهەمیشە خۆیان بە خاوەنی ناوچەکە وسەروەت سامانەکەی زانیوە..!

بۆیە تەواوی هێزی خۆیان لەڕێگای ئەحزاب و گرووپە خێڵەکی ودینی ومەزهەبییەکانی عێراق وکوردستانەوە بەکارهێنا ولەماوەی ئەم دوو بۆ سێ دەهەیەدا، هەم زۆرترین سەروەت وسامانی عێراقیان خستە ژێردەستی خۆیان و لەهەمان کاتیشدا زۆرێک لە ناوچەکانیان کردە مۆڵگەی بارگە جبەخانە سەربازییەکانی خۆیان، کە بەوهۆیەوە توانیان وەک هێزێکی میلیشیایی سەرکوتگەر و خەتەرناک لەبەرانبەر خەڵک و هەروەها وەک هەڕەشەیەکیش لەبەرانبەر ئامریکا وهەوپەیمانەکانیدا بەکاری بهێنن..لەڕاستیدا ئەمانە کرۆکی ئەو کارەساتانەن، کە لەئاکامی سیاسەتەکانی ئامریکا لەلایەک ورەقیبەکانیشی لەلاکەی تر بەسەر خەڵکی عێراقدا هێناویانە.

**بۆپێشەوە: لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی سەربازی دژی داعش و ١٦ ئۆکتۆبەرەوە، بالآنسی هیز لە عێراقدا بە سودی بۆرژازی عێراقی و بەزیانی بۆرژوازی کورد گۆڕاوە و تا هاتووە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی سنوردار کردۆتەوە، چۆن دەروانە ئەم ئاڵوگۆڕە؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** بەڵێ ئەوە تەواو دروستە، کە لەدوای شانزەی ئۆکتۆبەرەوە تەرازووی هێز بەقازانجی بۆرجوازی عێراقی و زیانی بۆرجوازی ودەسەڵاتەکەی لەهەرێمی کوردستان شکایەوە.

بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ، کە کێشمەکێشەکانی سەردەمی شەڕی داعش،




ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ زیاتر کشانی دەسەڵات و هێزەکانی یەکێتی و پارتی لەو ناوچانەی دەوروبەری کەرکوک وگەرمیان.

هەوڵەکانی تورکیا وفرسەت هێنان بۆ زیاتر هاتنە ناوەوەو داگیرکردنی بیرە نەوتییەکانی ناوچەکانی کەرکوک ودەوروبەری، بەتایبەت کێڵگەکانی بای حەسەن، لەڕێگای چەکداران و هێزەکانی زێرەڤانی پارتیەوە، بۆ جمهوری ئیسلامی ئێران و هێزە شیعەکانی بەغدا هێڵی سوورو قەبووڵ نەکراو بوون.

جگە لەوەش دروستکردنی هەڵلای گاڵتەجاڕیانەی ڕیفراندۆم، بەئامانجی هەنگاونان بۆ پلان وخواستەکانی تورکیا لە زیاتر قایمکردنی پێگەی خۆی لەکوردستان بەهانەیەکی تری زۆر ڕۆشن بوو بۆ هەر هێرشێکی میلیشیاکانی عێراقی لەهەر ساتە وەختێکدا.

**بەبڕوای من تەرازووی هێزەکانی ناوچەکە، هەریەك لە تورکیا و ئێران کە ئەوانیش هەریەك لەئەمریکا وڕووسیا لەپشتیانە، دیاریکەری جووڵە و توانی هێزە ناسیۆنالیستی ودینیەکانی بۆرجوازی کوردییە، هەروەك چۆن لەئێستادا میلیشیاکانی ناوەڕاست وخوارووی عێراق بەدەستی جمهووری ئیسلامیی ئێران دەجوولێنرێن..**

بۆیە میلیشیا و هێزە شیعەکانی سەر بە ئێران حەشدی شەعبی) توانیان لە چەند کاتژمێرێکی کەمدا، لەشانزەی ئۆکتۆبەری 2017 دا تەواوی ناوچەکانی کەرکوک و دەورووبەری بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

بەوشێوەیە دەسەڵاتی مەرکەز توانی هەردوو هێزی یەکێتی وپارتی

لەوسەردەمەدا، کەبەشی شێریان لەوناوچانەدا هەبوو، ناچار بە ڕاکردن بکات و دواتریش وەک هێزێکی لەچەک داماڵراو قەبووڵ بکرێنەوە...!!

ئەوە ڕیشەی ئەو لاوازکردنەی هێزە بۆژوازییە کوردییەکانی هەرێمە لەبەرانبەر دەسەڵاتی بەغدا.

بەڵام بەو دەلیلەی، کە ئەم هێزانە هیچ کامێکیان، نەک هەر لەپێناو چارەسەری "کێشەی کورد" و سەقامگیری و ئاسایش لە ناوچەدا کار ناکەن، بەڵکوخودی هێزە چەکدارەکانی خۆشیان( هێزەکانی پێشمەرگە) بە مووچەی هێزەکانی ئامریکا و هاوپەیمانان دەژین و ئەرکە سەرەکیەکانیشیان هەرلەڕێی ئەوانەوە پێدەسپێردرێ.

کەواتە بەبڕوای من تەرازووی هێزەکانی ناوچەکە، هەریەک لە تورکیا و ئێران کە ئەوانیش هەریەک لەئەمریکا وڕووسیا لەپشتیانە، دیاریکەری جووڵە و توانی هێزە ناسیۆنالیستی ودینیەکانی بۆرجوازی کوردییە، هەروەک چۆن لەئێستادا میلیشیاکانی ناوەڕاست وخوارووی عێراق بەدەستی جمهووری ئیسلامیی ئێران دەجوولێنرێن..

**بۆپێشەوە: گوشارە بەردەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە به فیدرالیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغداو هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** بە بڕوای من چ کۆی دەستوور کارتۆنی داڕێژراوی عێراقی، وە چ مەسەلەی فیدراڵی بوونی سیستەم لەعێراقدا، هیچ کامێکیان لەگەڵ دەسەڵاتی هێزی میلیشیاییدا بەیەک ناخۆن و ناتوانێت لەعێراقدا سیستەمێکی دیموکراتیکی بۆرجوازی پەرلەمانی سەقامگیر دروست بکات، کە لەودا ئۆرگانەکانی دەسەڵات، حکومەت وپەرلەمان و دادگاکەی بەشێوازێکی پیشەیی وتەکنۆکراتی سەربەخۆ کار بکەن.

بۆیە بەبڕوای من نە بەغدا و نە هەولێریش، هیچ لایەکیان نەک هەر پابەند نەبوون بە سیستەم و دەستووری نووسراوی فیدراڵیەوە، بەڵکو هەرگیز بڕوایان پێ نەبووە!!

سادەترین نموونە، لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، ماددەی 140 ی دەستووری عێراقی کە پەیوەستە بە یەکلاییکردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان، بەغدا، یانی میلیشیا دەسەڵاتدارەکان، هەرگیز ڕێگەیان نەداوە نەک هەر چارەنووسی ئەو ناوچانە دیاری بکرێ، بەڵکو تەنانەت ئامادە نەبوون قسەشی لەسەر بکەن و فڕێ دراوتە تەنەکەی خۆڵی نووسینگەکانیانەوە. لەملاشە وە هێزە بۆرجوازیە کوردییەکان وبەتایبەت یەکێتی وپارتی، بەهیچ شێوەیەک پابەند نەبوون بە دەستووری نووسراوی عێراقیەوە و بەئارەزوو ویستی خۆیان ورگی زەوییان هەڵدڕیوە و بیری نەوتیان لێداوە و لە نێوان سەرانی بنەماڵە وحیزبەکانیاندا دابەشیان کردووە و، هیچ کاتێکیش بەپێی دەستووری فیدراڵی پابەندی سیستەمی بودجەی "عێراقی فیدراڵ" نەبوون..

**کە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە ودەرکەوتەکانی ئایندەی، بەتایبەت لەدوای شەڕی غەززە وە، هێندە ئاڵۆز و خێرا و کاریگەرە، کە دەشێت نەك هەر دەسەڵاتەکەی بەغداش بگۆڕێت، بەڵکو سنوورەکان و کۆی دەسەڵاتەکانی ناوچەکەش ئاڵوگۆڕی جیددی بەسەردا بێت!!**

بۆیە ناکرێ بووترێ کە ئەو گوشارانەی بەغدا لەسەر هەرێم لە ئاکامی بڕوابوون بە فیدراڵی، وە یاخود لەئاکامی پاشگەزبوونەوە بووە لە دەستوور و فیدراڵیزم.

**ماویەتی**

**جیهان بە بێ بانگەواز بۆ سۆشیالیزم، بە بێ ئومێد بە سۆشیالیزم، بە بێ هەڕەشەی سۆشیالیزم، ئەگۆڕێت بەچ لیتاوێک....**

# خەباتی چینایەتی: پرۆلیتاریا و بۆرژوازی

کۆمۆنیزمی کرێکاری دەستەی ڕیفۆرمخوازانی خۆشخەیاڵ و قارەمانانی تاسەی ڕزگاریی مرۆڤایەتی نییە. کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی ئەلگۆ و گەڵاڵەیەکی دەرهاویشتەی مێشکی کۆمەڵێک حەکیمی خێرخواز نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکە کە لە هەناوی خودی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخەوە هەڵدەقوڵێ و ڕەنگدانەوەی ئاسۆ و ئامانج و ناڕەزایەتی بەشێکی گەورەی هەر ئەم کۆمەڵگەیەیە.

مێژووی تێکڕای کۆمەڵگەکانی تا ئێستا، مێژووی خەبات و کێشمەکێشی چینایەتیە. مشتومڕێکی بێوچان، تاوێک ئاشکراو تاوێک نهێنی لە نێوان چینە چەوسێنەر و چەوساوەکان، ستەمگەر و ستەمدیدەکان لە سەردەم و کۆمەڵگە جیاجیاکاندا هەمیشە لەئارادا بووە. ئەم مشتومڕە چینایەتیە سەرچاوەی سەرەکی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریە لە کۆمەڵگە.

بە پێچەوانەی کۆمەڵگەکانی پێشووەوە کە بەگشتی لەسەر بناغەی پلەبەندیەکی چینایەتی و توێژبەندیەکی ئاڵۆز دامەزرابوون، کۆمەڵگەی هاوچەرخی سەرمایەداری دابەشبوونی چینایەتی زۆر سادە کردۆتەوە. کۆمەڵگەی هاوچەرخ، سەرباری هەمەچەشنیی فراوانی پیشەکان و کاردابەشکردنێکی بەرین، بەشێوەیەکی گشتی لە دەوری دوو ئۆردوگای چینایەتی سەرەکی بنیاتنراوە کە بەرامبەر بە یەکتر ڕاوەستاون: کرێکاران و سەرمایەداران، پرۆلیتاریا و بۆرژوازی.

لە بنەڕەتدا سەرچاوە و بنچینەی هەموو کێشمەکێشە ئابوری و سیاسی و حقوقی و فیکری و کەلتووریە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی نێوان ئەم دوو ئۆردوگایە. نە تەنها ژیانی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگە، بەڵکو تەنانەت ژیانی کەلتووری و فیکری و زانستیی ئینسانی ئەمڕۆش کە بە ڕواڵەت وەکو قەڵەمڕەوی سەربەخۆ و سەروچینایەتی دێنە بەرچاو، مۆری ئەم ڕیزبەندیە سەرەکیەی کۆمەڵگەی هاوچەرخی سەرمایەدارییان پێوەیە. ئۆردوی پرۆلیتاریا، ئۆردوی کرێکاران، لەگەڵ هەموو ئەو بیروباوەڕ و ئامانج و مەیل و حیزبە جۆراوجۆرانەی کە تیایدایە، نوێنەری گۆڕین یان باشکردنی ئەم نیزامەی ئێستایە بە قازانجی جەماوەری بێبەش و ستەمدیدەی کۆمەڵگە. ئۆردوی بۆرژوازیش، دیسانەوە بە هەموو ڕێباز و حیزبە سیاسی و بیرمەند و شەخسیەتە جۆراوجۆرەکانیەوە، خوازیاری پاراستنی کۆڵەکەکانی ئەم وەزعەی ئێستایە و لە بەرامبەر گوشاری ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیی کرێکاریدا بەرگری لە نیزامی سەرمایەداری و دەسەڵات و ئیمتیازاتە ئابوری و سیاسیەکانی بۆرژوازی دەکات.

کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم خەباتە چینایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕیزێکە لە ئۆردوگای پرۆلیتاریا. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارە بۆ ژێرەوژوورکردنی نیزامی سەرمایەداری و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێی بێ چین و چەوسانەوە.

**لە بەرنامەی دنیایەکی باشترەوە**

## دریژەی دوا وتە

کۆنترۆڵ و ڕەوەندی زاڵی ئێستاش قلْپ دەکاتەوە. ڕەوەندیک کە ئاراستەی زاڵی بەرگرتن بە ئاڵۆزبوونی زیاتری ناوچەکەو گێرانەوەی رادەیەک لە ئارامی سیاسییە، بۆ سازکردنی ژینگەیەکی لەبارتر بۆ سەرمایەو سەرمایەگوزاری.

لە ئاستی دنیادا کەم دەوڵەت هەیە هێندەی ئێران بەوێنەی جەمسەرێکی ناوچەیی، دەستێوەردانی لە زۆرترین وڵاتانی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست هەبێت و بەو ئاستەش ڕووبەڕوو لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت. ئەم مامەڵەیەی ئێران، دۆخێکی خولْقاندووە، دەستبردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و زبر لەگەڵی، زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست رابکێشێتە ناو دۆخێکی ئاڵۆزی سەختی لە کۆنترۆڵ دەرچوو، بۆیە چ ئەمریکا و غەرب و چ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچارن ڕێگای سازش و ڕێکەوتن وەکو شاڕیی مامەڵە لەگەڵ ئێران بکەنە بژاردەی سەرەکی. لێدانی ناوە ناوەش لە گروپەکانی سەر بەئیران و لە دەرەوەی ئێران، یان هێرشی موشەکی و درۆنی ئێران بۆسەر پیگەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی ناوچەکە، جگە لە مانۆڕێک بۆ ئیدارەی ململانیکانیان، لە دۆخی ئیستای ناوچەکەدا شتێکی تر، نییە. پەیوەندی ئێستای نێوان ئەمریکا و ئێران کە ململانێی خۆیان لەڕێگای هیزە بەوەکالەتەکانیان بە بۆردومان و هیرشی موشەکی لێرەو لەوێ دەبەنە پیشەوە، ئاسایی تر لەو دۆخەیە کە ئەم بەیەکدادانە بوونی نەبوو وە کیشمەکێش نیوان ئەمریکاو ئێران لەژێر ناوی کۆنترڵی چەکی ئەتۆمی و گەرانەوە بۆ بەرجام، مەسەلەی سەرەکی بوو. پشتیوانی راستەوخۆی ئەمریکا لە ئیسرائیل و داگیرکارییەکەی و جەنگی لە غەززە و خۆ هەڵواسینی ئیران بە پرسی فەلەستین و پشتیوانی لە گروپەکانی دەست پەروەردەکراوی خۆی لە ناوچەکە، هەر دوولا ناچار دەکات، بۆ بەیەکدادانی نێوانیان، بەڵام لە ئاستێکی دیاریکراوی کۆنترۆڵکراودا. ئەوە ئێستاش روو دەدات لەنیوان ئیران و ئەمریکادا بەتایبەتی دوای دەستپێکی جەنگ لە غەززە، ریشەی لەهەمان واقعیەتدایە.

ئەو لیکدانەوەو بۆچوونەی لای وایە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە لەبەردەم بۆرکانی تەقینەوەو و ئاڵۆزی و جەنگێکی گەورەو ناوچەییدایە، خوێندنەوەیەکی زۆر سەر پێییە و ریشەی لە گەورەکردنی رووداوە بچوکەکان و نەخوێندنەوەی ئاراستەی زاڵ و بەرژەوەندییە گەورەترەکانە، کە جەنگ و ئاڵۆزی زیاتر لە ناوچەکەدا دەتوانێت لە باری ببات.

دیارە لەناو ئەم دۆخەدا هێز گەلێک دەبنە قوربانی، بەتایبەتیش ئەوانەی مایەیان لەسەر ململانێی نیوان ئەمریکاو ئێران هەڵچنیوە و بەتەواوەتی خۆیان بەستۆتەوە بەو دوو جەمسەرەوە. لەوانەش ئەوانەی ئەمریکا بە فریاد رەس دەزانن و لەگەڵ ئەوانەی خۆیان هاویشتۆتە ئامیزی سیاسەتەکانی ئیرانەوە.

**ناوەراستی شوباتی ۲۰۲٤**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژكاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەكانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بكەن:
www.bopeshawa.net

هاوكاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
دیمەن عەزیز، ڕێبوار حەمە شەریف، سەردار عەبدوڵا حەمە، وریای رەسام، ستار حەمە عەلی، نما ناوپردانی، عیرفان كەریم، بەندی عەلی، كاوان قادر،، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، مەنسور حیكمەت...

لەگەڵ دۆسیەكی تایبەت سەبارەت بە"هۆكاری گوشارەكانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئایندی سیاسی كوردستان"...

## دوا وتە

# بەیەكدادانی ناڕاستەوخۆی ئەمریكا و ئێران، بۆ ساغڵەم هێشتنەوەی سازان و ڕێكەوتنە!!


### عەبدوڵا مەحمود

لەدرێژەی داگیركاری و هێرشی درندانەی حكومەتی دەستی ڕاستی نەتانیاهۆ بۆسەر فەلەستینیەكان و غەززەدا، هێرشی درۆنی موشەكی بۆسەر بنكەو بارەگا سەربازی و هەواڵگرییەكانی ئەمریكا و دۆستەكانی لە عێراق و سوریا و ناوچەكەدا، لەلایەن گروپەكانی سەر بەئێرانەوە درێژەی هەیە. كاردانەوەو بۆردومانی دەوڵەتی ئەمریكاش لەدژی بنكەو بارەگای ئەو هیز و گروپانە بەردەوامە، كە بەدوای خۆیدا قوربانی لەنێوان هەردوو لێ كەوتۆتەوە و ژمارەیەك لە خەڵكی مەدەنیش بوونەتە قوربانی. دوو لایەنی سەرەكی ئەم بەرامبەركێیە لەلایەكەوە ئەمریكا و داگیركاریەكەیەتی و نایەوێت بەدەستی خاڵی پرۆسەی كشانەوەی هێزەكانی دوای ناكامیەكی گەورە لە عێراق و ناوچەكەدا دەست بۆ ببات، لەلایەكی تریشەوە ئێران بەوێنەی قوتبێكی ناوچەیی دەیەوێت هەژموونی سیاسی و باڵادەستیەكەی بەسەر بڕیاری سیاسی ناوچەكەدا بهێڵێتەوەو لە ئاستی دنیای فەرمی و كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیدا ئەو ڕۆڵەی بۆ بەرەسمی بناسرێت. بەڵام بەیەكدادانی ئەم دوولایەنە لە گۆرەپانی دوور لە خاكی ئیران و ئەمریكایە و هەردوو لایان لە جێگای ئەوەی هێرشی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بەیەكتری و لە گۆرەپانی خۆیاندا بۆسەر یەكتری بكەن، گۆرەپان و جغرافیایی تریان كردۆتە مەیدانی یارییەكی دەست ئاشكرا. یارییەك كە پێمان دەڵێت، ئەوەی ڕوودەدات، لەچوارچێوەی گیرانەوەی ئارامی بۆ ناوچەكە و خاوكردنەوەی گرژییەكانی ئەمریكا و ئیراندا دەچێتە پیشەوە، نەك بۆ گڕدان و نائارامكردنی زیاتری ناوچەكە. ئیران و ئەمریكا خەریكن ڕۆڵ و پێگەی خۆیان لە ناوچەكەدا لەنێوان خۆیاندا دابەش دەكەن و بۆ ئەم كارەشیان پێویستیان بە جەنگ و پێكداپژانی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵكو دەیانەوێت بە گورزی ناو بەناو و لێرەو لەوێی لەناوچەكەدا بۆ سەر دەست و قاچی یەكتری، سەر و ئەندامانی گرنگی جەستەیان پارێزروا بێت و ژینگەی درێژەدان بە سازان و ڕێكەوتنیان، ساغلەم بمێنێتەوە.

لێدوانی گەورە بەرپرسانی ئەمریكا و ئیران، كە نایانەوێت شەر بكەن و گرژییەكانیان زیاد ببێت و ناوچەكە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر بچێت، بەڵگەی ئاشكرایە كە ئەمریكا و ئیران توانای هەڵگیرساندنی جەنگی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەكتریی نییەو هەر دوولاش ئەو ڕاستیە دەزانن كە جەنگی ڕاستەخۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەكانیان، لە ناوچەكەدا دەخاتە مەترسییەوەو هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش دەكاتە كوانویەكی جەنگی درێژ مەودا و سەخت

بۆ لاپەڕە 13

## بە روخسەتی شێخی شاعیران ( شێخ ڕەزا .......تەخمیسێكی شەرمنانە بۆ دوو كۆپلەی شیعری




لەخێری چی و لەبێری چی لەتەونی جانە ئەم ڕیشە
چ چیرۆكێك لە پشتی بێت درۆی نیسانە ئەم ڕیشە
فریوی چاو ئەدا نەخشەی، نەخشی پیلانە ئەم ڕیشە
(هەزار ئەفسوون و جادووی پیوە ئاویزانە ئەم ڕیشە
عیلاجی گەر ببیٚ، یا گووزە یا گوێزانە ئەم ڕیشە)

چەند حەریفە لەنێو حیرفەی وەهم و تریاك فرۆشتن دا
لەهاتی چەند نەهاتی هات، چ گوژمێكی بە ڕۆیشتن دا
چەنێ پرژەی عەتری سووری شوشەی گیانی بەرشتن دا
(بە تەحریكی تەڵێكی سەد هەزار نەفسی بەكوشتن دا
ڕەئیسی حیلەكاران، شای قومار بازانە ئەم ڕیشە)

**بەندی علی**

## چەند كورتە شیعری: خالید بایەزیدی (دلیر)

1
ولاتەكەم!
تەنیا بە من بلێ:
خوشم ئەوێت
ئەو كات من بۆت
تەواوی جیهان دەهەژێنم
-2
ولاتەكەم !
چیت بەسەرهاتووە
كە بەردە وام
لە روڵەكانت خوینت دەوێ و
گوڵێك بۆ
مەزارگەكەیان
-3
شەو!
لە خوشەویستی
بۆ مانگ
ئاسمانی ئەستێرە باران كرد
-4
لەو ئەوجی هەژاری دا
لە خەیاڵی خومدا
هەبوونی خۆم
یەكە یەكە ئەژمیرم
ئای كە من چەندە زەنگینم
-5
دارەكانی ئیعدام
چەندە جوان پشكوتوون
بەهاری ئەم ساڵیشمان
شكوفە بارانە
-6
ئای تۆ بلێی:
چەند كۆتری سپی تر
لە بیرەوەریەكان بەهاردا



هەڵفرین و
هیچ كات
نەگەرانەوە
وە تا ئیستاش
چاوە
سەوزەكانیبەهار
هەر چاو بە ئینتزارە
-7
سپی پووشی زستان
هەرگیز نەیتوانی
ئابروی قەلەرەشەكان بكڕێتەوە
-8
وەرن با سەربازەكان
فێری مۆسیقا كەین
بەرلەوەی
كە فیشەكانیان بهاوێژن

## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام



